گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 6, No. 3, pp. 721–736, Sept.-2018
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# وێنای ژنی کورد لە تۆماری گەڕیدەوکوردناسەکاندا سەدەی (18 – 20)

**سوزان کەریم مستەفا**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی– هەرێمی کوردستانیٚ – عێراق.

**وەرگرتن:** 2018/05 **پەسەندکرن:** 2018/07 **بەلاڤکرن:** 2018/09 https://doi.org/10.26436/2018.6.3.674

**پۆختە:**

ژن وەك رەگەزێکی گرنگی کۆمەڵگە لە نێو کتێبو فەرهەنگو پەرتوکەکانی جیهاندا شوێنێکی دیاریان بۆ تەرخانکراوەو رۆڵو کاریگەری ژنان لە بوارە جیاجیاکاندا خراوەتە روو، ژنانی کوردیش وەك هەموو ژنانی جیهانی، خاوەنی پێگەو رۆڵی تایبەت بە خۆیان بوونو بەشدارییان لە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا کردووە، بۆیە ئەم بابەتە بۆتە جێ سەرنجی بەشێکی زۆری ئەو رۆژهەڵاتناسو کوردناسانەی رویان کردۆتە کوردستانو ئەم بابەتەیان وەك خاڵێکی بەهێز لە کۆمەڵگەی کوردیدا تۆمار کراوەو بۆتە خاڵی جیاکەرەوەی نێوانی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی رۆژهەڵات، زۆربەی کوردناسەکان لە نوسینو یاداشتەکانیاندا باسیان لە ئازاییو قارەمانێتی ژنی کورد کردووە، هەروەها باسیان لەو ئازادیو سەربەستیە کردووە کە ژنی کورد بە چاو ژنانی رۆژهەڵات هەیبووە، ئەمە جگە لەوەی کە باسیان لە دەستڕەنگینیو کارامەیی ژنی کورد کردووە لە نێو ماڵداو لە دەرەوەی ماڵیش شانبەشانی پیاوان کاریان کردووەو بەشدارییان لە ئابوری خێزانو کۆمەڵگەدا کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە باسکردنە تەنها لایەنە باشەکانی نەگرتۆتەوەو لە زۆر شوێنیشدا رەخنەو سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە تۆمارکردووە، بەڵام زیاتر بە تێڕوانینێکی ئەرێنی روانیویانەتە مەسەلەی ژنو بە کراوەیی کۆمەڵگەی کوردی سەرسامبون. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنە رووی باری سەرنجی کوردناسەکان سەبارەت بە رۆڵو پێگەی ژنانی کورد لە دانراوی کوردناسەکانداو یۆ ئەم مەبەستەش سوود لە چەندین یاداشتنامەو سەفەرنامەی کوردناسەکان وەرگیراوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** وێنە، ژنی کورد، تۆماری گەڕیدە وکوردناسەکاندا، سەدەی (18 – 20).

## 1. پێشەکی

ژن وەك رەگەزێکی بنچینەیی کۆمەڵگە بە پێی قۆناغە مێژوويیەکان رۆڵو پێگەی خۆی هەبووە لە پێشخستنی شارستانیەتو پەرەسەندنی کۆمەڵگەکانی جیهان، بەپێی ئەو بوارەی بۆی رەخساوەو کاری تێدا کردووە توانیویەتی جێدەستی خۆی بەسەر گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگەوە جێ بهێڵێت، بەو پێەی یەکێك لە پێوەرەکانی پێشکەوتنی هەر میلەتێك وابەستەیە بە پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتیو پەیوەندیە خێزانیەکانی کۆمەڵگەوە، ژنیش وەك یەکەیەکی بنچینەیی خێزان هەمیشە کارەکتەری سەرەکی نێو خێزان بووەو پەروەردەکەری تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ئەستۆ بووە، بۆیە زیاتر لە بواری کۆمەڵایەتیدا جێدەستیان دیار بووە، بەم پێوەرە تا ژن ئازادو رۆشنبیر بوبێت تاکێکی ئازادو رۆشنبیری بۆ کۆمەڵگە بەرهەمهێناوەو پێچەوانەی ئەمەش دروستە.

لێکۆڵینەوە لە بواری ژناندا کارێکی سەختە، بەتایبەتی ژنانی کورد کە بەچاو ژنانی جیهانەوە کەمتر دەرفەتی خۆرێکخستنو دەرکەوتنو پێشکەوتنیان بۆ ساز بووەو لێکۆڵینەوە لە پێگەی ژنی کورد کارێکی کەمێك زەحمەتە، بە هۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویستو گرنگی نەدان بەو بوارە وایکردووە لێکۆڵینەوە لەسەر ژنانی کورد کەمو کورت بێت، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیە ژنی کورد پێچەوانەی ژنانی رۆژهەڵات جێگەی سەرنجی رۆژهەڵاتناسو کوردناسو بیانیەکان بوونو هەمیشە وەك خاڵی جودا کەرەوەی نێوان میللەتانی رۆژهەڵات چاوی لێکراوە، ئەمە بۆ ئێمەی کورد بە خاڵێکی زۆر بەهێز ئەژمار دەکرێتو دەتوانریٚ لەم رێگەیەوە کۆمەڵگەی کوردی هەڵسەنگێنرێت.

ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا خستومانەتە روو، بەشێکە لە دیدو تێڕوانینی ئەو کوردناسانەی هاتونەتە کوردستانو باری سەرنجی خۆیان لەو بوارەدا تۆمارکردووە، بەڵام بەحوکمی هەژاری کتێبخانەی کوردی لە بواری کوردناسیدا هەوڵمانداوە ئەوەی دەستمان کەوتبێت لەم بوارەدا لە سەردەمە کۆنو نوێکانیشدا سودی لێببینین.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنو خستنە رووی باری سەرنجی کوردناسەکان سەبارەت بە ژنی کورد، گرنگی توێژبنەوەکە لەوەدایە کە زۆر بەکەمی باس لە رۆڵی ژن دەکرێتو کەمتر لە دەرگای ئەو

باسە دەرێت، لە نێو بواری کوردناسیشدا لە چوارچێوەی بابەتێکی ئەکادیمیدا باس لە رۆڵو پێگەی ژنی کورد لە دیدی کوردناسەکانەوە نەکراوە بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ خستنە رووی ئەو بابەتە.

ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە خودی سەرچاوەی کوردناسەکان خۆیانەو زیاتر پەنامان بردۆتە بەر نوسراوی کوردناسەکان خۆیانو بە دەگمەن زانیاری کوردناسێکمان لە سەرچاوەیەکی دیکەوە وەرگرتووە تەنها ئەوانە نەبێت کە بەردەست نەکەوتوون، بەشێکیان لێکۆڵینەوەی زانستی سۆسیۆلۆجین، وەك: (الکرد دراسە سوسیولوجیە و تاریخیە، باسیلی نیکیتین) بەشێکیشیان سەفەرنامەن، وەك: (گەشتنامەکەی نیبۆر، هنری بایندەر، بارۆن ئیدوارد نۆڵد، ژان ئۆتەر، ولیەم هیود...هتد) هەندیکیشیان نوسراوی کەسایەتیە سیاسیو سەربازیەکان، وەك:(دەبلیو ئارهەی، گۆتفرێد یۆهانس میولەر، کاپتن لاین،..هتد). ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەكو چوار تەوەر پێکهاتووە کە بریتیە لە:—

تەوەرەی یەکەم: پێشەوایەتی ژنان: لەم تەوەرەیەدا هەوڵماندواە باس لەو نموونانە بکەین کە کوردناسەکان تۆماریانکردووە سەبارەت بە پێشەوایەتیکردنی ژنی کورد، بەوەی ژنیش توانیویەتی جڵەوی کاروباری خێڵو کۆمەڵگەکەی بگرێتە دەست.

تەوەرەی دووەم: ئیشو کاری ژنان: لەم تەورەیەدا تیشك خراوەتە سەر ئەو کاروبارانەی کەژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێی هەستاون، باری قورسی ژنانی کورد لە دیدی کوردناسەکانەوە خراوەتە روو.

تەوەرەی سێهەم: ئازادی ژنان: بەو پێیەی ژنانی کورد تاڕادەیەك خاوەنی سەربەستی خۆیان بوون، ئەم خاڵەش لە نوسینی کوردناسەکاندا زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە، بۆیە هەوڵماندواە لەم تەوەرەیەدا باس لەئازادی ژنانی کورد بکەین لەباری سەرنجی کوردناسەکانەوە.

تەوەرەی چوارەم: پرۆسەی هاوسەرگیری: پرۆسەی هاوسەرگیری لە هەر کۆمەڵگایەکدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە نێو کۆمەڵگەی کوردیشدا کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەن کە جیاوازە لە کۆمەڵگەکانی تر، هەرچەند ئەم پرۆسەیە لەلایەن کوردناسەکانەوە زۆرترین رەخنەی لێگیراوە، ئەم تەوەرەیە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی سەرنجی کوردناسەکان لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری.

لە کۆتاییشدا ئەنجامو لیستی سەرچاوەکان خراوەتە روو.

### 1.1. دەروازە:

وێنا کردنی ژن لە نێو کتێبو پەرتوکەکاندا بۆ هەر گەلێك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەموو میللەتانی دونیا لە نێو پەرتوکو مێژوویاندا جێگەیەکی دیاریان بۆ باسکردنی ژن تەرخان کردووە، نەك هەرئەمە بگرە زۆر لە فەیلەسوفو بیرمەندەکانی دونیا تێڕوانینی تایبەت بە خۆیان هەیە لەبارەی ژنەوە، ئەمە وایکردووە ژن وەك نیوەی کۆمەڵگە بکەوێتە بەر باسو خواسی هونەرمەندو شاعیرو نوسەرو مێژوو نوسەکان، ئەم باسکردنە تەنها لایەنی باشەی نەگرتۆتەوە، بەڵکو زۆرێك لە بیرمەندەکان رای جیاوازو تەنانەت خراپیشیان هەیە دەربارەی ژن، ئەمە بەواتای کەمکردنەوەی نرخی ژن نایەت، بەڵکو بە پێی بارودۆخو سەردەم ئەم بۆچونانە دەربڕاونو گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە (جۆن لۆك) کاتێك باس لە رۆڵی ژن دەکات زۆر بەڕوونی ئەوە دەخاتە روو کە:" ئەوان بۆ ئەوە دروستبوون تاپاشکۆو ملکەچی پیاوانبن، وەك چۆن بەبێ پیاو ناتوانن منداڵیان ببێت ئاواش بەبێ پیاو ناتوانن پەروەردەیان بکەن".(1) لێرەدا بە ئاشکرا جۆن لۆك دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە ژن تاکێکی بێ ئیرادەو بێ دەسەڵاتە، هەروەها (نیتچە) بیرمەندی گەورەی نازی سەبارەت بە ژن دەڵێت:" ژن گەورەترین تەڵەیە کە سروشت بۆ پیاوی داناوە".(2) هەروەها (سوقراتو جۆن هیود، دورانتو هتد) رایان لەسەر ژن باش نیە، بەڵام لە بەرامبەردا زۆر فەیلەسوفی دیکە رای پێچەوانەیان هەیەو بوونی ژن بەرز دەنرخێنن وەك (بەلزاك، ڤۆلتێرو هێردەرو زۆری تریش).(3) زۆرجار بوچوونو نوسینی ئەم بیرمەندو فەیلەسوفانە کاریگەرێتی ئەرێنی یاخود نەرێنی لەسەر ئەو کۆمەڵگەیە دروستکردووە،کە خوێنەری بۆچوونو هزرەکانی ئەم بیرمەندانە بوون.

لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی دونیادا خێزان گرنگیو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، لەناو پێگەکانی خێزانیشدا لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی ترو لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەبیەکی تر بە رێژەی جیاواز هەژمونی پیاو لەسەر ژن بوونی هەبووە، یان دەسەڵاتی نێر ئیحتیوای دەسەڵاتەکانی مێی کردووە، لێرەوە بێ پرسو رای پیاو ژن نەیتوانیوە لەسەر مەسەلە هەنوکەییەکان هەنگاو بنێ یان رای هەبێت ئەمە بۆ هەموو بوارەکانی ژیانیش راستە، وەك بابەتی چونە خوێندنگاو تەواو کردنی خوێندنو تەنانەت خۆ ئارایشتدانو تا دەگاتە مەسەلەکانی هەڵبژاردنی کارو پاشەرۆژو دەربڕینی راوبۆچوون لە بۆنەو کێشە جیاجیاکاندا. لێرەوە خێزان دەزگایەکی هێندە ناسکە کە بچوکترین کێشە گەورەترین ئەنجام دەدات بەدەستەوە، هەربۆیە ژن خۆی کردۆتە کۆیلەی پاراستنی خێزان.(4) مێژووی مرۆڤایەتیش بە زۆر قۆناغدا تێپەڕیوەو لە هەریەکەیاندا ژن بە جۆرێك ژیاوە، جاری وابووە جڵەوی کاروباری گرتۆتە دەستو زۆرجاریش ژێردەستەو پاشکۆ بووە، بەڵام پێشکەوتنی شارستانیو تەکنۆسازیو خوێندنو بوارە فرە جۆرەکانی زانست باری گونجاویان بۆ رەخساندوەو وایان لێ کردوە وردە وردە بەشداری

لقەكانی زانستو ژیانیان بكەنو شوێنی خۆیان لەو بوارانەدا كردۆتەوە.[5] هەرچەندە هەندێك لێكۆڵەرەوە پێیان وایە لە قۆناغی كشتوكاڵدا، ژن ڕۆڵێكی زیاتری لە پیاو وەرگرتوەو ماوەیەكی درێژ سەروەری ماڵ بووەو پیاوی خستۆتە پلەی دووەمی كۆمەڵایەتی، ئەو قۆناغەشیان بە قۆناغی دایك سالاری ناوناوە، بەڵام هیچ شوێنەوارێكی كۆن جگە لە باڵادەستی پیاو هیچ راستیەكی ئەم ووتەیە ناسەلمێنن، ئەوەی كە هەبووە لە راوچیو جەنگاوەرو پاڵەوانەكان هەموویان پیاوبون.[6] بۆیە هەر لە دوای دۆزینەوەی ئاسنو برۆنزو دروستكردنی چەكو شەڕو شۆڕی نێوان خێڵەكانو بەدیل گرتنو بە كۆیلە كردنی دیلەكانو بە زۆر كارپێكردنیانو كەڵەكە بوونی سەرمایەو پەیدابونی موڵكایەتی تایبەت كە دواجار كەوتە ژێر دەستی پیاوان. [7] ئەمە هۆیەكی سەرەكی بوو لە سەرهەڵدانی نایەكسانی نێوان ژنو پیاوو شێواندنی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەكانی نێوانیانو دابەشبوونی چینەكانو پەرەسەندنی زیاتری چەوساندنەوەی ژن، ئەمە سەرەتای دەستبەسەرداگرتنی ژن بوو لەلایەن پیاوەوە، كەلەگەڵ سەرەتای پەیدابوونی موڵكدارێتی تایبەتیدا هاتۆتە كایەوە.[8] ئەمەش وایكردووە لە رابردووەوە تا ئێستا هەمیشە دۆخی ئابوری كۆمەڵگا رۆڵی كاریگەری لەسەر ژن هەبێتو لەسەردەمێكی مێژوییشەوە هەمیشە ژن بۆ دامركاندنەوەی ئارەزوەكان بەر لە هەر شتێكی دیكە زیاتر رەچاو كراوە، [9] لە مێژووی كۆنی جیهاندا ژنان هەمیشە وەك كاڵایەك مامەڵەیان لەگەڵ كراوە، تەنانەت لە ئەوروپای دوای لە دایكبوونی مەسیحیش، بوونی ژن بە هیچ دەژمێردرا، تەنها بە كارگەیەكی مرۆڤ سازییان دادەنا كە دەیتوانی لە ژێر دەستی هەموو پیاوێكدا بێت.[10] چونكە لە كۆمەڵگای پیاو سالاریدا پیاو باڵادەستەو ژنیش ژێر دەستە، خێزانی پەتریاریكیش دەبێ بە كارگەی یان شوێنی بونیاتنانەوەی ئایدیۆلۆژیایەك كە دوبارە هەموو دابو نەریتە پاشكەوتوەكانی كۆمەڵگا بەرهەم دێنێتەوە كە هەموو پایەكانی لەسەر چەوساندنەوە دامەزراون واتا چەوساندنەوەی ئەندامانی خێزان بۆ یەكدی.[11] و بەم شێوەیە ژن وەكو كاڵا تەماشا كراوەوكڕینو فرۆشتنی ژن بۆتە كارێكی ئاساییو لە تەواوی ئەفریقادا برەوی هەبووە، لە چینو ژاپۆنیش شتێكی ئاسایی بووە، لە هندستانی كۆنو لەلایەن جولەكەكانی ئەمریكای ناوەندیدا پێش سەردەمی كۆلۆمبسو لە پیرۆ هەبووە، ئێستاش چەندین نمونە لە ئەوروپا دەبینرێت.[12] نەك تەنها ئەمە بەڵكو لە ساڵی ($576$ز) لە فەرەنسا ئەنجومەنێكیان پێكهێنا لەبارەی ژنەوە دەستیان بە لێكۆڵینەوە كرد كە ئایا ژن مرۆڤە یان توخمێكی دیكەیە؟ لە كۆتایی كاری درێژخایەنی ئەنجومەنەكەدا بڕیارياندا كە ژن مرۆڤە بەڵام تەنها بۆ خزمەتكردنی پیاو دروستبووە. [13] هەرچەندە تائێستاش ئەم جۆرە لە بیركردنەوە لە زۆربەی كۆمەڵگەكاندا برەوی هەیەو بەو جۆرە دەڕوانرێتە ژن واتا وەك خزمەتكارێكی پیاوان تەماشا دەكرێت.

لە هەموو شوێنێكدا ژنان ئیشوكاری بنەڕەتیان راهێنانی منداڵو چاودێری كردنو بەڕێوەبردنی ماڵەوەیە، لە كاتێكدا چالاكیە سیاسیو سەربازیەكان لە هەموو شێنێكدا بە ئاشكرا لە چوارچێوەی پیاودایە، لە هیچ شوێنێكی دونیا پیاوان بەرپرسیارێتی سەرەكی پەروەردەكردنی منداڵانیان نیە.[14] هەرچەندە ئێستا ئەم هاوكێشەیە تارادەیەكی زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووەو ئێستا ژنان لەسەرجەم بوارەكاندا رۆڵیان هەیە بەڵام هێشتا باڵا دەستی پیاوان زیاترە لە ژنان.

لەگەڵ گۆڕانی قۆناغە جیاوازەكانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی چەندین كەسایەتی ژن ناویان دەركردو هەریەكەیان بەپێی بارودۆخی سەردەمەكەی خۆی توانیویەتی كاریگەری لەسەر روداوەكان هەبێت، یاخود ببێتە بەشێك لە پێكهێنەرەكانی مێژووی ژن. لە مێژووی جیهاندا ژنان توانیان جێدەستی خۆیان بنەخشێنن بەجۆرێك لە سەدەی شازدە لە فەرەنسا چەندین ژن دەردەكەون كە رۆڵی كاریگەریان لە مێژووی فەرەنسادا بینیوە، وەك (شاژن كاترین دۆمیریس، ماری ئەنتوانێت)، لە بەریتانیاش هەر زوو ژنان توانیان بگەنە دەسەڵاتو رۆڵی كاریگەریان هەبێت لەوانە(ماری تیۆدۆر ومەلیكە ڤیكتۆریا)، لە مێژووی روسیاشدا چەندین ژن ناویان دەركردوە بۆنموونە(مەلیكە ئەلیكساندرا) لە تەمەنی ($22$) ساڵدا تاجی شاژنی لەسەر ناوە، لە ئەمریكاشدا ژن رۆڵو دەسەڵاتی دیاریان هەبووە. [15]

لە كۆمەڵگەكانی جیهانی سێهەمیشدا بە گشتی كە كۆمەڵگەی دواكەوتوون، هیچ درێغیەكیان لە چەوساندنەوەو چاوترسێنكردنو دانانی ئاستەنگو كۆسپ لەبەردەم ژناندا نەكردووە. چونكە پیاوی ناو ئەم كۆمەڵگایانە بەپێی رەوتی سیۆسیۆلۆژی كۆمەڵگاكەیان كە تاكرەهەندو داخراوەو تەنها رەهەندی پیاو زیاتر باڵا دەستە، هەمیشە لەسنور كێش كردندایە بۆ دەسەڵاتەكانی ژن، لێرەوە ژن ناكرێ سنور ببەزێنێو لە بۆچوونی خێزانەكەی كە لە پیاودا نمایندە دەكرێ دەربچێ.[16] ژنانو كچانی ئەم وڵاتە دواكەوتوانەی رۆژهەڵات كە تەمەنێكی زۆر لە ژێر چەوساندنەوەی رامیاریو ئابوریو كۆمەڵایەتیدا ژیاونو بەدیلو كۆیلە كراون وەك بولبولی (قنس)یان لێ هاتووە كە دوای تەمەنێكی زۆری ناو قەفەس وای لێ دێ حەز بە سەربەستیو فرین نەكات. [17]

ژنی كوردیش بەدەر نیە لە و باسو خواسە، هەرچەندە لێكۆڵینەوە لەسەر پێگەی ژنی كورد لە كۆمەڵگەی كورديدا زۆر هەژارەو ئەمەش ئەو كارەی بەتەواوی ئەستەم كردووە كە بتوانرێت دیمەنێكی راستەقینەی ژنی كورد لە لایەنی مێژوویەوە بكێشرێت. ئەوەی دەبینرێت ئەوەیە كە ژنی كورد جێگەیەكی شیاوی لە نوسینو

یاداشتی بیانیەکاندا داگیر کردووەو بەشێکی زۆری ئەو کوردناسانەی ڕوویانکردۆتە کوردستان نەیانتوانیوە خۆیان لەو باسە ببوێرن‌و ژنی کورد سەرنجی ڕاکێشاون چ لە ڕووی جل‌و بەرگەوە بێت یاخود لە ڕووی هەڵسوکەوت‌و مامەڵەوە بێت کە تەواو لە ژنانی نەتەوەکانی تری ڕۆژهەلآت جیاوازبووە. جگە لە ڕۆژهەلآتناسان کە لە چەند باسێکدا بەشێوەیەکی گشتگیرانە باسیان لە ژنی کورد کردووە، باس‌و لێکۆڵینەوەو نوسراوی ترمان لەسەر ژنی کورد لەبەر دەستدا نیە.

ئەگەر بەراوردێکی باری کۆمەلآیەتی ژنی کورد بکەین لەگەڵ گەلانی دراوسێدا دەبینین کورد تا ڕادەیەك بە چاوی ڕێزەوە سەیری ژنی کردووە، چونکە هاوبەش‌و هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی پیاو بووە لە ڕاپەڕاندنی کاروباری کێڵگەو ئاژەڵداری‌و دارهێنان‌و چیلکە کۆکردنەوەو تەنانەت پاسەوان‌و پارێزەری دەسکەوت‌و بەروبوومەکانی بووە، سەرباری منداڵ پەروەردە کردن‌و ئیش‌و کاری تری ماڵداری، تەنانەت لەسەرچاوە مێژووییەکاندا کە باسی ژیانی کۆمەلآیەتی ژنی کورد کرابێ زۆربەیان باوەڕیان وابووە کە کورد لە چاو گەلانی دراوسێدا ژنی بەلاوە بەنرخ بووەوە ڕێزی گرتووە.[18] ژنی کورد جگە لەوەی شان بە شانی پیاوان لە هەموو کارەکاندا بەشدارییان کردووە، هەروەها کارە تایبەتیەکانی وەك ڕستن‌و چنین‌و خزمەتی ماڵ‌و منداڵ‌و میوانیان ڕاپەڕاندووە، بەهۆی داب‌و نەریتی نێو کۆمەڵگای کوردەواری پیاوان نەك هەر هاوکاری ژنانیان نەکردووە، بەڵکو بە کارێکی ناپەسەندیشیان زانیوە کە پیاو لە کاروباری ناوماڵدا بەشداری ژن بکات.[19] بۆیە لە نێو کوردیشدا هەر لە کۆنەوە بە هۆی دواکەوتوییی‌و واقیعی کۆمەڵگەی ڕۆژهەلآتییەوە نایەکسانی بەرامبەر ژن کراوەو دووچاری چەوساندنەوە بۆتەوەو لە زۆر شوێنیشدا کوردناسەکان دەستیان خستۆتە سەر ئەم ڕاستیانەو تۆماریان کردووە.

وێنای ژنی کورد لە تۆماری گەڕیدەوکوردناسەکاندا

ژنی کورد یەکێکە لەو بابەتانەی کە کوردناسەکان زۆر قسەیان لەسەر کردووە، بەجۆرێك بۆتە خاڵێکی جودابونەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناوچەکە، کە ئەمەش بۆخۆی خاڵێکی بەهێزەو دەکرێت سودی لێوەربگیرێت کە کورد هەرچەندە لە ڕووی کۆمەلآیەتیەوە لەژێر هەمان سیستمی کۆمەلآیەتی نەتەوە دواکەوتوەکانی ناوچەکەدا بووە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژناندا زۆر جیاواز بوون و تاڕادەیەکی باش ڕێزیان لە ڕەگەزی مێیینە ناوە. چونکە پلەو پایەو دۆخی کۆمەلآیەتی ژن لەناو هەر نەتەوەیەکدا پێناسەی کەسایەتی‌و تایبەتمەندیەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات، لەم ڕووەوە کورد بە ڕۆشنبیرترین‌و ئازادانەترین بیرکەرەوەی ناو کۆمەڵگە مسوڵمانەکان دەژمێردرێت.[20] هەرچەندە گەڕیدە ئەورووپییەکان زۆریان بە شانو باهوی ژنی کورددا هەڵداوە بە ڕادەیەك جاروبار هەست دەکەیت کەمێك زۆر ڕۆیشتون، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە لە کۆلآنە تەسکەکانی شارە داخراوەکانی ڕۆژهەلآتەوە هاتوونە ناو شاخ‌و داخە کراوەکانی کوردستانەوەو کەمێك سەریان لێ تیچکچووە، بۆیە ژنی کوردیان لە ژنانی دەوروبەر باشتر هاتۆتە بەرچاو.[21] چونکە ژنی کوردیش وەك زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلآت باری ژیانی سەخت‌و دژوار بووەو لە نێو هەموو ئاست‌و چینەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا وەك یەك نەیانڕوانیوەتە ژن. کەچی باسیلی نیکیتن* دەڵێت:" کوردەکان لە هەڵوێستیاندا بەرامبەر بە ژن لە نێو هەموو گەلانی ئیسلامیدا زۆرتر کراوەن".[22] هەروەها دەبلیو ئار هەی شایەدیەکی باش لەو بارەیەوە دەدات‌و دەڵێت:" کوردەکان ئەوەندە بەڕێزەوە هەڵسوکەوت لەکەڵ ژنەکانیاندا دەکەن کەلە هەموو میللەتە مەحەمەدیەکان تێدەپەڕێ".[23]

ئەمە بۆخۆی ئەوە دەسەلمێنێت کە ژنی کورد شوێنێکی شیاوی هەبووە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیداو شایەدی دانێکی زۆر باشە بەتایبەتی گەر بڕوانین ئەم کوردناسە ماوەیەکی زۆر لە کوردستاندا ماوەتەوە واتا ئەوەی نوسیویەتی تەنها چاوپێکەوتنێکی سەرپێیانە نەبووە، بەڵکو بە حوکمی مانەوەی‌و هەڵسوکەوتی لەگەڵ کورددا گەیشتۆتە ئەو بڕوایە.

## 2. پێشەوایەتی کردنی ژنان

لە بارەی دەسەلآتی ژنانەوە دەبلیو ئارهەی ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێکجار ڕوودەدات لە دێدا ژنێك ببێتە پێشڕەوو ڕەنگە ببێتە سەرۆك هۆزیش، ئەمەش بەتایبەت کە منداڵێکی شیرە خۆرەی هەبێت‌و ببێتە سەرپەرشتیاری موڵك‌و ماڵەکەی کە لە مێردەکەیەوە بۆی بەجێما بێت، بەلآم ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە دەگمەنە ژنێك ئەو پایەیە وەرگرێ، چونکە دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە. هەروەها دەڵێت:" زانیم کە ژنی موختاری گوندێك دەچێتە دیوەخانیش".[24] ئەمەش بەلگەیە لەسەر ئەوەی ژنان بەشداری دانیشتنەکانی دیوەخانیان کردووە.

(نیکیتین)یش دەڵێت ژنانی کورد ڕووی خۆیان داناپۆشن‌و لە کاتی کۆبونەوەدا تێکەڵی پیاوان دەبن‌و قسەی خۆشیان هەیە کە پیاوان گوێیان بۆ دەگرن.[25] ئاماژەی بەوەش کردووە کە زۆربەی سەرۆکەکان لەژێر کاریگەی ژنەکانیاندان‌و دەڵێت:" من پێم وایە کە ئەو ژنانە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤیان هەیە، ڕێگرن لەبەردەم ئەو ڕایە خراپانەی کە ڕەنگە پیاوەکانیان هەیانبێ‌و ببنە گاڵتەجاڕی ئەو بۆچوونانەیان، هەر سەرۆکێك بە دایکی فلآن بانگی ژنەکەی دەکا یان باسی دەکاو ناوی کوڕە گەورەکەی دێنێ".[26] چ هۆکارێك وا لە سەرۆك عەشیرەتێك دەکات کە ڕێچکەیەکی جیاواز لەوەی باو بووە بگرێتە بەر، ڕەنگە ژنی ڕۆهەلآتی ڕۆڵێکی زۆر لەوە مەزنتر ببینێت‌و

هەموشی لە پشتی پەردەوەیە، بێ ئەوەی ملکەچی لێپرسینەوەیەك بێت، کاپتن لاین* دەڵێت:" پیاوی ئازای وام بینیوە خۆی لە سوچێکی ژورەکەی خۆی توند کردووە تا لە چاوی ژنە جامبازەکەی بە دور بێت، خانمە خانەوادەی وام ناسیوە دەمانچەی راکێشاوەو تەقەی لە شوان کردووە هەر لەبەر ئەوەی گومانی ئەوەی کردووە مەڕی دزیوە". (27)

مینۆرسکی** ئاماژەی بەوە کردووە کە ژن لە کوردستاندا شوێنێکی سەربەخۆیان هەیەو زۆر هەڵدەکەون، ژنان لە نێو رەشماڵەکانیاندا بە شانازییەکی بێوێنەوە پێشوازی لە میوانەکانیان دەکەن، زۆرجار هەڵکەوتووە ژنی کورد کاروباری تیرەو کۆمەڵگای خۆی سەرکەوتووانە بەڕێوە بردووە. (28) درك کینانیش جەختی لەسەر ئەم بۆچوونە کردۆتەوە کەوا لە نێو تەواوی چینەکانی کوردا ژنان رێزێکی تایبەتیان هەیەو گوێ لە قسەکانیان دەگیرێ، ژنانی کورد لە هەندێ کاتدا سەرکەوتوانە رێبەرایەتی هۆزەکەی خۆیان کردووەو رەعیەتەکانیان تەواو لێیان رازی بوون، تەنانەت جارێکیان لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەندا هەرچەندە بەپێی یاسا کاندید کردن تەنها مافی پیاوان بووە ژنان خاتونێکیان بە نوێنەرایەتی خۆیان هەڵبژاردووە. (29)

لە باسی ئازایەتیو چاونەترسی ژنی کورددا کوردناسەکان تێبینیو روداوی زۆریان تۆمارکردووە کە لەمێژووی کورددا ناویان ونەو بەهیچ جۆرێك بەیاد نەکراون، بۆنموونە خاتوو (دیم فریا ئیستارك) گەشتیارو نوسەری ئینگلیز لە باسی ئازایەتی ژناندا لە سنوری عێراقدا باسی ئازایی چوار ژن دەکات کە بە شێرە کچ ناوبانگیان دەرکردبوو ئەوانیش (قەدەم خێر قیلاوەندی کە ژنێکی ئازاو چاو نەترسی شۆخ بووەو نازی خاتوون بیرانوەندی، غەزی ئەلەشتەری خوشکی مێر عەلی خان حەسەنوەندو کاکۆلی) بوون.(30)

باسیلی نیکتین لەوبارەیەوە وتویەتی کە ژنانی کورد لە هەر چینێكو تەمەنێکدا بوبن ئەسپ سواریان زانیوەو بگرە لەو بوارەدا کێبڕکێی پیاوانیان کردووە.(31) رەنگە ئەمە کەمێك زیادە رەوی تێدابێت چونکە ژنانی هەموو چینەکان بەو شێوەیە نەبوون. بەڵام هیچ گومانێکیش لەوەدا نیە کە کەسایەتی ژنی کورد زۆر جیاواز بوە، ناوی چەند ژنێك دێت کە سەرۆك عەشیرەت بوونو کەس لە قسەیان دەرنەچووە، بۆ نموونە نیکیتین ئاماژە بەوە دەکات کاتێك تورکەکان ناوچەی هەکاریان داگیر کردووە ژنێك حکومڕانی ئەو ناوچەیەی کردووە.(32) هەروەها ناوی (قەرە فاتم) دێنن کە ژنێکی کوردەو بەناوی شێری کوردستانو قارەمانی کوردستان ناوی رۆیشتوەو لە ساڵی (1853) بە (300) چەکدارەوە لە دەسپێکی جەنگەی قرمدا چۆتە ئەستەمبوڵ.(33) ئەمە جگە لەوەی کە دوو ژنی کورد لە ناوچەی پشدەر یەکێکیان بەناوی (پورە حەلیمە) لە تیرەی کافرۆش بوەو ئەوی دیکەشیان بە ناوی (پورە نەرگس) لە خێڵی شوان بووە، ئەم دوو ژنە چەندین ساڵ یەك لە دوای یەك لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانیدا لە ناوچە کورد نشینەکاندا خەباتی چەکدارانەیان کردوە، دانیشتوانی ناوچەکەش بە دڵو بە گیان یارمەتیان داون.(34) کوردناسەکان ئەم نمونانە لە ماوەیەکی مێژوویدا باس دەکەن کە ژنانی نەتەوەکانی دراوسێی کورد لە چوارچێوەی ماڵەکانیان نەهاتونەتە دەرەوە ئەمەش بۆ ئەو سەرەمە کارێکی گەورەو کرانەوەیەکی دیار بووە، ئەمە جگە لە نموونەی ژنانی تری کورد لە سەردەمەکانی دیکەدا ناویان هاتووە وەك:(مەستورەی کوردستانی، عادیلە خانم، حەپسەخانی نەقیبو مینا خانی هاوسەری قازی محەمەد)و زۆری تریش کە هەریەکەیان بەجۆرێك لە خەباتی سیاسیو چەکداریدا شانبەشانی پیاوان جەنگاون.

ئیدمۆندس* بە سارسامیەکەوە باس لە جوانیو بوێری عادیلەخانم دەکات کاتێك چۆتە هەڵەبجە عادیلە خانم بەسواری ئەسپ چۆتە پێشوازیو دەڵێت عادیلە خانم بە کراسێکی پنۆك پنۆکی بەهاری بە سواری ئەسپ لە هەمویان جوانتر بووە.(35) هەروەها مینۆرسکی لە وەسفی عادیلە خاندا دەڵێت:" لە ساڵی 1913 خۆم چاوم بەیەکێ لەو ژنە سەرنج راکێشانە کەوت لە هەڵەبجە لەماوەی شەڕی (1914– 1918) ژمارەیەکی زۆری لە ئەفسەرە بەریتانیەکانی لە مردن رزگار کردو لەلایەن قوماندانی ئینگلیزەوە نازناوی (بەهادور خان)ی پێبەخشرا. (36)

### 3. پرۆسەی هاوسەرگیری ژنان

لە بارەی هاوسەرگیریو کچ بەشودانەوە کوردناسەکان سەرنجی زۆریان تۆمارکردووەو رەخنەشیان لە بەشێکی زۆری ئەو پرۆسەیە گرتووە، رەنگە زۆرترین گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە کرابێت بەو پێیەی بەشێك لەودابو نەریتانەی لە پرۆسەی هاوسەرگیردا لای کورد هەن جیاوازبوونو جێگای تێڕامانبوون، ئەمەش وایکردووە لە زۆر شوێندا ئەم پرۆسەیە بکەوێتە بەر رەخنەو بەکارێکی نەشیاوی بزانن، بۆنموونە لە بارەی شیرباییو مارەییو ژن بە ژنو فرە ژنی...هتد. رەنگە نەبوونی خۆشەویستی پێش پرۆسەی هاوسەرگیری دیاریترین ئەو بابەتانە بێت کە جێگەی سەرسوڕمانی کوردناسەکان بوون. نیکیتین لەم بابەتەدا نوسیویەتی هەرچەندە کورد سنور بۆ ئازادی ژنەکانیان دانانەن بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هاوسەرگیری پێش گۆڕینەوەی خۆشەویستی لە نێوان کورو کچدا دەکەوێت، چونکە ئەو سۆزە رۆمانسیانە تەواو بەسەر دڵی کوردەکاندا زاڵە.(37)

کوردناسەکان سەرنجی دیاردەی فرە ژنیان داوە لای کوردو بە کارێکی نەشیاویان زانیوە، ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەو یاسایانەی ژنهێنانو تەڵاق رێك دەخەن هەمان ئەوانەن کەلەناو

موحەممەدییەکاندا باون، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ نەریتی سەیر هەن پەیوەندییان بە عورفی خێڵەکیەوە هەیە، لەوانەش پیاو بۆی هەیە چوار ژن بهێنێ، [38] ئەمان وەکو هەمووو موحەممەدییەکان دەتوانن زیاتر لە ژنێك بهێنن، [39] لێرخ* هۆکاری فرە ژنی لای کورد بۆ شێوەی ژیانیانو سروشتیان گێڕاوەتەوەکە زۆر جیاوازن، ئەم دیاردەیەشی زیاتر تایبەت کردووە بە کوردە کۆچەریەکان کە لە کوردە شاریەکان جیاوازنو زیاد لە ژنێك دەهێنن.[40] هەروەها لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا (ی.ب. سۆن)یش ئەوەی رونکردۆتەوە کردووە کە کورد نەریتی یەك ژن هێنانیان پاراستووە، رەنگە تەنها لە نێو چەند تیرەیەکدا دیاردەی فرە ژنیان هەبێ. [41] بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دیاردەی فرە ژنی لەنێو کورددا بوونی هەبووەو لەهەندێ جێگەدا وەك نەریت پیادە کراوە، رەنگە ئەمەش بۆ هۆکاری ئابوریو پێداویستی ژیانی خەڵکی لەو سەردەمەدا بگەڕێتەوە کە زیاتر پێویستیان بە نەوەی زۆرو دەستی کاری زۆر بووە.

یەکێك لەو هۆکارانەی کەلە کێشەی خێڵایەتیو تیرەگەرێتی کوردستاندا پتر لەهەر کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی دی، دەورێکی نەرێنی بینیوەو ماکی درێژخایەندنی ئاشوبو هەرا بووە، مەسەلەی ژنو ژنخوازی لە نێو یەکەمیو لەسەر ئاستێکی ئەوپەڕی بەرتەسکی پلەو کەسە نزیکەکانی هۆزدا بوە، ژنو ژنخوازی لە نێوان ئامۆزاو بنئامۆزادا، زۆر باوو لە پێش بووە، ئامۆزای کچەکە دەتوانێت بەربەرەکانێتی هەمووو خوازبێنیکەرێك بکاتو دژی بوەستێتەوە، گەر باب بخوازێت کچەکەی بە بێگانەیەك بدات دەبێت جارێ پرس بە ئامۆزاکانی بکاتو ئەوان رازی بن، بەوە ئەوان دەستبەرداری مافی لە پێشێتی خۆیان دەبن، مارتین ڤان برۆنەسن** دەڵێت:"بۆ خۆم قەت نموونەی لەو بابەتەم نەبینی، بەڵام لە زۆر گۆشەی کوردستان باسی ئەو دابەم بیست، کە کچە ئامۆزایەکی خوازبێنی بکات ئەستەمە بابی نەیدات، گەر بڵێم هەر شێوای رەتکردنەوە نییە". [42] ئەگەر کچ خزمێکی نزیکی نێرینەی نەبێت ئەوا دەتوانێ شوو بەهەر کەسێك بکات، بەپێی نەریتی خێڵەکی کوڕە مام لە پێشترە بۆ هێنانی کچە مام.[43] هەروەها لە هەمووو شوێنێکی کوردستان ئەو شیربایییەی لە ئامۆزا دەستێنرێت زۆر کەمترە لەوەی لە بێگانەیەك داوا دەکرێت، ئاشکرایە ئەم جۆرە ژنو ژنخوازیە دابەشبونو خانە خانەکردنێکی ئێجگار تێکەڵو پێکەڵ لە درەختی بنەماڵەکەدا دەسازێنێت، لە کاتێکدا ژنو ژنخوازی لە نێوان دوو بنەماڵەی ئامۆزای یەکدیدا تێکەڵیو خزمایەتی دوو تایەفەکە پتەو دەکات بەتایبەت گەر ئامۆزازا یاخود بنئامۆزا بن. [44]

قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لەگەڵ بێگانەیەکدا زۆرجار کارەساتی ناخۆشو کوشتنی بەدوای خۆیدا هێناوە، کوردناسەکان بەشێك لەم روداوانەیان بینیوەو تۆمارکردووە، لە بارەی کوشتنی دڕندانەی کچێك کە ئامادە نەبووە پەیڕەوی ئەم دەستورە بکات دەبلیو ئارەی دەڵی:" لە کاتێکدا کە لە هەولێر بووم کارە ساتێکی کوشتنی زۆر ناخۆش رویدا، هۆکارەکەشی رەتکردنەوەی ئەو مافە بوو،... چونکە کوڕە مام لە هەمووو کەس زیاتر مافی ئەوەی هەیە داوای دەستی کچە مام بکات، ئەمەش بەهۆی رەتکردنەوەی داوایەکی لەو بابەتە بوەهۆی رووداوێکی گەورە کەلە تەمموزی (1920) رویدا شانۆی روداوەکەش گوندی (کەپنکی رەش) بوو". [45]

گەر کچە بە ئامۆزایەکی نەبڕا ئەوجا ئامۆزازا یان بنئامۆزایەکی دێتو ئەوان لە خزمێکی دی لە پێشترن، خزمێکی دورتر لە بێگانەیەك لە پێشترە، لە هەندێك شوێن فشاری کۆمەڵایەتی زیاتر بەلای ژنو ژنخوازی لە نێو تایەفەکە خۆیدا دادەشکێنێت، ژنو ژنخوازی نێو گوندێك خۆی لە ژنو ژنخوازی نێو تایەفەیەك لە پێشترە چونکە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێو خەڵکەکەیدا نیە. بەپێی سەرژمێریەك کە لە باشوری کوردستاندا ئەنجامدراوە، بە پێی ئەو سەرژمێریە لە نێو خێڵەکیەکانی کورددا، لە 40٪و لە نێو نا خێلەکیەکاندا 10٪ی ژنو مێردەکان ئامۆزاو بنئامۆزان، لە کاتێکدا مەزەندە کراوە کە لە باکوری کوردستان رێژەکە لەوە باڵاتر بێت. [46]

لە بارەی وەرگرتنی مارەیی(شیربایی)یەوە کە وەك کڕینو فرۆشتن تەماشای کراوەو بە خاڵێکی نێگەتیڤ لە نێو کۆمەڵی کوردیدا لێی روانراوە، بۆنموونە ئاماژە بەوە کراوە کە ئێزدیەکان ژنەکانیان لە باوکیان دەکڕنو هەرگیز رێگەیان پێنادەن دوای هاوسەرگیری لێیان جیاببنەوە، تەنها مەگەر ئەوکاتانەی خۆیان تەرخانی پەرستگاکەیان بکاتو ئەو کاتە رێگەیان پێدراوەو دەتوانن جارێکی دیکە هاوسەرگیری بکەنەوە. [47]

میولەریش* روداوێك دەگێڕێتەوە کە خۆی بینیویەتیو دەڵێت :" لەگەڵ شەهاب شێخ مەجید خانە خوێ کەمدا بەشداریم لە خوازبێنی کچێکدا کرد، ئێمە لە راو بووینو رێمان کەوتە دێیەکی بچوك شێخ مەجید چاوی بە کیژۆڵەیەکی بچوکی ئەم دێیە کەوت، بەرەو دوازدە ساڵی دەچوو، زۆر بە دڵی بوو، یەکسەر دابەزین شوێنمان دیاریکرد خزمەتکارێکی ناردە لای باوکی مناڵەکە، ئامادەبێو مامەڵەی خوازبێنی لەگەڵدا بکات، کاتێك پیاوەکە هات زۆر دڵخۆش بوو بەوەی گەورەی چەکداران شێخ مەجید زۆر دڵی بە کچەکەیەوەیەو دەیەوێ بیهێنێ، باوکی کچەکە لە مامەڵەکەدا مناڵەکەی بە شانازیەوە بەبێ هیچ شتێك بەدیاری پێشکەش کرد بەڵام شێخ مەجید قبوڵی نەکرد پەنجا مسقاڵی بەدەستی دایە باوکی... هەمووو کەسێك بەو برە پارەیە خۆشحاڵ دەبێ".[48] نیبۆر* پێی وایە بۆچوونو عەقڵیەتی کورد لەچاو عەرەبەکان جیاوازە، کاتێك کە مناڵێکی کچیان دەبێت زۆر دڵیان خۆش دەبێت، کەچی کاتێك کە

منالێکی کوڕیان دەبێت هێندە دڵخۆش نابن، چونکە لای کوردەکان بوونی کچی زۆر مانای سامانو دەوڵەمەندی دەگەیەنێت، بۆ نموونە کوردێك کاتێك کچەکەی داوە بەشوو، داوای پەنجا کیسە لیرەی لە خانەوادەیەکی ناودار کردوە، وەکو مارەیی کچەکەی، لە کاتێکدا عەرەبو تورکەکان هێندە داوای مارەیی لە زاوا ناکەن.[شم] هەرچەندە ناکرێت بوونی چەند نموونەیەك بەسەر هەموو کۆمەڵگەی کوردیدا گشتگیر بکرێت چونکە لە هەموو شوێنێکدا وەك یەك نەبوەو تا ئێستاش لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەر دڵ بە بوونی کوڕ خۆش دەکەن، وەرگرتنی شیربایش بێگومان هەبووە.

بە بۆچونی ئەوروپایی ژنهێنان لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا وەك ئەوە وایە منالێك بچێت شت بکرێت، کیژۆڵە لە دوازدە تا سیازدە ساڵی پێگەیشتوەو لەوپەڕی لاویدایە، ئەم تەمەنە هەرەتی لاویو خۆشەویستیە، دەچن دەیانکڕن زۆرجار مامەڵەو گۆڕینەوەیان لەگەڵ کچ یا خوشکی خۆیان پێ دەکەن (ژن بە ژن) ئەم کڕینە لە ئەسپو مەڕو بزن زیاتر لەسەریان دەکەوێ.[50] ئەو بڕە پارەیەش بەپێی پلەو پایەی ژنەکەو زاواکە دەگۆڕێ، پارەکەش نزیکترین کەسی عەشیرەتی ژنەکە وەریدەگرێ باوك، برا، مام. پیاوەکە یەکجار بۆی هەیە ژنەکە ببینێ پێش ئەوەی زەماوەند بکرێ.[51] (فردریك بارپ) لە نوسینەکانیدا ئاماژەی بە ژن بە ژن کردوە، کە خەرجی ژن خواستنەکەو زەماوەندو تفاقی بوکێنی هەموو پێکەوە گرێ دەدرێ. ئەم جۆرە ژن خواستنە بەپێی بۆچونی بارپ لە رووی داراییەوە مەسەلەیەکی سودمەندە وادیارە پێوەندی بەو جۆرە ژن خواستنەوەوە هەیە کە ماف بە ئامۆزا دەدات کچی مامی خۆی بخوازێ، لە نێو ئەو گوندانەشدا کە دوورن لە کارتێکەری هۆزگەریی زۆر بڵاوەو پێڕەو دەکرێت، بەڵام هەر کێشەو گرفتێك لە یەکێك لەو دووماڵەدا رووبدات ئەوە لە ماڵەکەی دیکە رەنگ دەداتەوە.[52]

سەبارەت بە مەسەلەی شەرەفوکوشتنی ژنان لە کوردناسەکان شاراوە نەبوەو لەمبارەیەوە سەرنجی خۆیان خستۆتە روو بەوەی کە جیاوازی مامەڵەکردن لە نێوان رەگەزەکاندا زۆر بەرچاوە، دەگونجێت پیاوێك بەبەردەوامی سەردانی خراپخانەکان بکاتو کەرامەتی ژنەکەی بروشێنێت بێ هیچ سزایەکیش بۆی دەرچێت، لە کاتێکدا لەسەر گومانێکی پرووپوچ لەشەرەفی ژن خزمێکی نزیکی باوك یا برا، هەڵدەستێت بە کوشتنی ژنەکە بە ناوی پاراستنی ئابڕوی خێزانەوەو بێ ئەوەی بەپێی دابی کۆمەڵایەتی هیچ سزایەکی بدرێت. وەك کاپتن لاین دەڵێت مەزنترین نەفرەتو دەردی کوردستان مەسەلەی خوێنو تۆڵەیە.[53] کاتێك کەسێك لەلایەن کەسێکی دیکەوە دەکوژرێتو دوژمنایەتی دەخاتە نێوان دوو بنەماڵەوە یان دوو هۆزەوە، بۆ دامرکاندنەوەی ئەو شەڕو دوژمنایەتیە ژنێك یان زیاتر دەدەن بە بنەماڵەی کوژراوەکە.[54] ئۆتەر کورد بە خوێن ڕێژ وەسف دەکاتو دەڵێت زۆر حەز لە خوێن رشتن دەکەن، بە رادەیەك کە بە ئاسانییش لە جیاتی خوێنی کوژراوەکە بە گایەك یان ئەسپێك یان (10) سەر مەڕ کۆتایی بە کێشەکە دێنن یان کچێکی هۆزەکە لە خوێندا دەگرنو لەگەڵ خاوەن کوژراوەکەدا سەودا دەکەن.[55]

لە باسی رەوشتی ژنی کوردیدا درایڤەر* باسی لە رەوشت بەرزی ژنی کورد کردووەو دەڵێت ژنانیان بە ئەخلاق ناویان دەرکردووەو کەمو زۆر لە هەموو هۆزێکدا خەڵکی داوێن پیس دەکوژرێن، دەتوانین بڵێین کە خۆفرۆشی هەر لەناویاندا نەناسراوەو دیسان بە متمانەوە دەکرێ بڵێین کە لە زمانی کوردیدا هیچ ووشەیەك بۆ داوێن پیسی نیە.[56] بەڵام ئەم بۆچوونەش رەهایی زۆری تێدایەو لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا خراپەکاری بوونی هەیەو کوردیش لەمە بێبەش نیە.

## 4. ئیشوکاری ژنان

لە رووی کارکردنەوە هەرچەندە ژنانی کورد زیاتر لە چوارچێوەی ماڵدا کاریانکردووەو بۆ دەستکەوتنی پارەو دروستکردنی ئابوری سەربەخۆ کاریان نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەرکە قورسەکان کەوتۆتە سەر ژنان، کە جگە لە کاری تایبەتی نێو ماڵ هاوکاری پیاویشیان لە کێڵگەکاندا کردووە. بێگومان لە ناو کوردیدا هەموو کارە گرنگو سەختەکان ژنان ئەنجامی دەدەن لە ماڵدارییەوە تا دەگاتە منالْ بە خێو کردنو نان کردنو چێشت لێنانو ماڵداری کردن، بۆیە دەتوانین بڵێین ژنان زیاد لە پیاوان کاری سەختو گران ئەنجام دەدەن.[57] چونکە لەو کاتەدا هۆزەکانی کورد لە رووی ژیانی ئابوریەوە بەشێوەیەکی گشتی پشتیان بە ئاژەڵداری بەستبوو، بەتایبەتیش بەخێوکردنی مەڕو ماڵات، بۆ ئەم مەبەستە گەرمیانو کوێستانیان کردووە. ژنی کورد لەنێو هۆزەکاندا کاری هاوبەشییان دەکردو کاری زۆر گرانیان لەسەر شان بوو کە زیاتر پیاوان ئیشو کاریان بریتی بوو لە لەوەڕاندنی مەڕوماڵات، سەرجەم کارەکانی تر لە ئەستۆی ژناندا بوو.[58] وبەهۆی کەمی ئامێرو ئامرازەکانی ناوماڵ، ژنی کورد هەموو ئیشێکی بە دەستی خۆ دەکردو دەربەست نەبوون لەوەی ئیشێکی زۆر لە نێو ماڵدا جێبەجێ بکەن.[59]

جویس بلۆ* پێی وایە ژنانی شوانو جوتیارانی کورد، لە ژیانی ماندووکەری خۆیاندا هاوپشکن لەگەڵ خوشکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو سەرەڕای ئەوەش کاروبارە سەختو دژوارەکانی ماڵداریو ئامادەکردنی ئاوی خواردنەوە لەسەرچاوە دورە دەستەکانو بەشێکی زۆری کارە کشتوکاڵیەکانییان لە ئەستۆدایە، لەگەڵ ئەمەشداو بە پێچەوانەی ژنانی مسوڵمانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا پلەو پێگەی تایبەتی هەیەو سەرجەم پیاوانی هۆزەکەش بە دیدێکی رێزەوە لێی دەڕوانن، بە

پێچەوانەی ژنانی تری رۆژهەڵاتەوە ژنی کورد لە غیابی هاوسەرەکەیدا تەواوی کاروباری ماڵو یاخود کڕین بە تەنیا ئەنجام دەدەن. [60]

گومانی تێدا نیە کە هەموو کارە قورسەکانی ماڵ ژنان پێیهەڵدەستان، لە کانیو چۆمەکانەوە ئاویان دەهێنا بۆ ماڵ، باریان دەخستە سەر باربەرو باریان لێ دەکردەوە، بۆ مەڕو ماڵات دۆشین لە بەرزاییو شاخەکان بەسەر دەکەوتن، دارو پوشی خۆ گەرم کردنەوەیان کۆدەکردەوەو دەیانگواستەوە بۆ ماڵ، لە کاتی ئەنجامدانی هەموو ئەم کارانەشدا، ئەو ژنانەی منداڵی بچوکیان هەبوو لە خۆیان دورنەدەخستنەوەو بەهۆی پشتوێنێکی درێژەوە لە پشت خۆیان دەبەستو کاریان پێوە دەکرد. [61] ئیدمۆندس پێی سەیر بووە کاتێك رەشماڵی کورد دور لە ئاو بووەو دەڵێت ژنەکانیان لە رۆژگاری کۆنەوە لەگەڵ هەڵگرتنی مەشکەی پڕ لە ئاو بۆ چێشتلێنانو قاپو قاچاخ شتنو خواردنەوەو دەستنوێژ شتن لە مەودایەکی زۆر دوورەوە راهاتبوون، بەڵام ئەو هاتوچۆیە بۆ ئێمە دژوار بووە. [62] ژنان لە کاتێکدا کە پیاوەکانیان لە کێڵگەدان، هەمیشە خواردن ئامادە دەکەنو جل دەشۆن، ئەوان بەکاری گرانی ناوماڵ هەڵدەستن. [63]

تەنانەت پیاوان کاتی بەسەر بردنی چەند ساتێکی خۆشیان هەبوو، لەو کاتانەدا کە دەستیان بەتاڵ بوایەو سەرقاڵی راو نەبونایە واتە کاتی بێکاری، غارو رمبازێو شەڕو گەمەیان دەکرد، بەڵام ژنەکان دەبوو خەریکی کار بونایە، وەك جل شتنو پاککردنەوەو چاککردنەوەو درومانو چاندنی دانەوێڵەی پێویستو خزمەتکردنی رەزەکانیان، بە کورتی هەموو کارەکان لە ئەستۆی ئەوان بوو [64] لێرەدا میوللەر دەڵێت:" لەبەر زۆر مانەوەم لە کوردستان ئەم پرسیارەم لە خۆم دەکرد ئاخۆ پاش گەڕانەوەم بۆ کلتوری رۆژئاوا بتوانم جارێکی تر وەك یەك بڕوانمە توخمی مێ؟ ئەم بێ دەرەتانە خواکردانەی لە رۆژهەڵاتو لای ئیسلام کە کەمتر شارستانین، تەنیا وەك ئاژەڵ کاردەکەن". [65] رەنگە ئەم جۆرە دەرخستنە شیاوو گونجاو نەبێت بۆ ژنان چونکە ژنان بەوپەڕی خۆشەویستیەوە کارەکانی خۆیان ئەنجامدەدەنو بیر لە باری قورسی کارەکانیان ناکەنەوەو هەمیشە ئامادەن لە پێناو خێزانەکانیاندا قوربانی بدەن، ئەمە بۆتە ناسنامەی ژنی کورد، هەرچەندە باری شانیان قورس بوبێت بە بێدەنگیو بەبێ گلەییو گازەندە کارەکانی ژیانیان راپەڕاندووەو چێژیان لەوە بینیوە کە کاری زیاتر بکەن، بەبێ ئەوەی دەست مایەیەکیان لەو کارانەدا دەست کەوتبێت.

بۆنموونە گەر باس لە پیشەسازیە دەستیەکان بکەین کە بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بایەخێکی زۆری هەبوو، ئەگەرچی نەگەیشتبووە قۆناغی پێشکەوتوو، بەڵام لە کاری جۆلاییو دروستکردنی جاجمو بەرماڵو رانكو چۆغەو کڵاوو کاری گلێنەکاری وەك دروستکردنی دیزەو گۆزەو کوپە، پێداویستیەکانی خۆیان پێ دابین کردووە. [66] ژنانی کورد خۆیان لە ماڵەوە لە خوری مەڕوماڵات لبادو جلوبەرگو رەشماڵیان دروست دەکرد. [67] و لە پیشە سازیە دەستیەکاندا بە تەواوی جێدەستی ژنانی کورد لە چنینی سوجادو فەرشو جلو بەرگو رێکخستنی شوێنی نیشتەجێ بونیانو رەشماڵەکانیاندا دیاربوو کە بە سەلیقەیەکی زۆر جوانو بەرز دروستکرابوون. [68] ژنانی کورد رستنو چنینی خوریان لە ئەستۆدابوو جار جار لەچکی ئاوریشمیان دروست دەکرد کە بەلیرەی ئاڵتون یان زیوو دەنەخشێنران، هەروەها ئەوان قاڵی گەورەو بەرماڵو لبادو....هتد دەچنی. [69] ژن کاروباری ماڵەکەی خۆی بەڕێوە دەباتو لە کێڵگەشدا کاردەکاتو مناڵەکانی پەروەردە دەکات دورینی جلو بەرگ. [70] دروستکردنی سوجادو ئەو قوماشانەی کە دەیچنن زۆر جوانو سەرنج راکێشن، بە گشتی ژنی کورد زۆر حەزی لە کارکردنە. [71]

هەر بۆیە ژنی کورد زۆر زوو جوانیو ناسکیان لە دەستداوە، بەتایبەتیش ژنی چینە گشتیەکەی کۆمەڵگا، بەڵام ژنی بەر پرسو سەرۆك خێڵەکان کە پێیان دەوترا خانم، ژیانیان خۆشترو ئاسودەتر بوو، بۆیە زیاتر پارێزگاریان لە جوانییەکەیان دەکرد. [72] بیللی فر یزەریش* تێبینی وەوەی کردووە کە هەرچەندە ژنی کورد بەگەنجی زۆر جوانن، بەڵام کاتێك دەچنە تەمەنەوە یاخود کە دەگەنە تەمەنی کامڵ بوون لە جوانی بەتەواوی دووردەکەونەوە زۆر بە خێرایی گەورەییو پیربوون لە روخساریاندا دەبینرێت. [73] درایڤەریش ئاماژەی بەوە کردووە کە ژنانیان بە گەنجی زۆر جوانن، بەڵام روخساریان دوای ئەوەی لاوێتیان دەژاکێ خێرا وەك روخساری پیاوی لێ دێت. [74]

ئەلیساندرۆ دی بانکی جوانترین تابلۆمان لەبارەی ژنی کوردەوە بۆ دەکێشێو دەڵێت:" روخساری جوانی بەخەندەو رەنگی ئەسمەریو زیندوێتی چاوەکانیان سیحربازە ترسناکەکانی کێوانمان بیردێنێتەوە، وەك شاعیران خەیاڵی دەکەن، هەر لەتەمەنی پازدەو تا بیست ساڵیشەوە لەوپەڕی سەرنج راکێشاندان، بەهۆی راهاتنیشیان لەسەر ژیانی دەربەدەری هەرلەمناڵیانەوە بەخێرایی چالاکیو وورییایەکی وا دەستدەخەن کۆنترۆڵ ناکرێن... سواری ئەسپی کەم وێنە دەبن لە خێراییدا لە گردو کێوە سەختەکاندا بە ئازایانە سەردەکەونو دادەبەزن، لە پێشبڕکێ خێراکاندا کێبرکێی مێردەکانیان دەکەن، دوایان دەکەونو لەشەڕە ترسناکەکاندا یارمەتیان دەدەن، بەڵام ناگەنە تەمەنی بیستو پێنج ساڵیان ئەم زیرەکیو چالاکییەیان لەدەست دەدەن لەولاوەش هێزی لاشەیان بەهێز تر دەبێت بۆ بەرگە گرتنی گرفتەکانی ژیانی رۆژانە ئیتر روخساریان بەم شێوە سیحراوییە نامێنێت، کە پێشتر جوانو

سەرنج ڕاکێشی دەکردن". (75) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژنان زۆرتر کاری قورس ئەنجام دەدەنو وەك هاوبەشێك سەرجەم کارە ئاسانو گرانەکانیان لەگەڵ پیاوان رادەپەڕێنن.(76) درك کینانیش دەڵێت ژیانی ژنی کورد زۆر زەحمەتەو ناهەموارەو پڕە لە کاری سەختو گران. (77)

شری لەیزەر دەڵێت:" ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە پێویستی بە ریفۆرمی دەستبەجێ بوو، ژیانی ژنانی کورد بوو بارودۆخی ئەم ژنانە جوداییەکی وای لەگەڵ بارودۆخی داپیرەکانیان نەبوو، ژیانی ژنانی گوند لەگەڵ گیروگرفتی رۆژانەیان ژیانێکی پێش مێژوو بوو، ژیانی ژنانی ئەمڕۆ جوداییەکی وای لەگەڵ ئەو ژیانە نەبوو کە گەشتیارانی کۆن باسیان کردووە".(78)

## 5. ئازادی ژنان

لە بارەی ئازادی ژنانی کوردو کراوەیی کۆمەڵگەی کوردیەوە، زۆربەی کوردناسەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی زیاتر کراوە ترەو ژنان ئازادیو سەربەستیەکی زیاتریان هەیە لەچاو ژنانی تری رۆژهەلات، رەنگە لە هەندێك شوێندا ئەم بۆچونانە زیادە رەوی تێدا بێت، بەلام بە شێوازێکی گشتی گومان لەوەدا نیە کە ژنی کورد ئازادیەکی زیاتری هەبووە لە چاو ژنانی تورکو فارس و عەرەب، هەر ئەمەشە وای لە کوردناسەکان کردووە کەزۆر جەخت لە کراوەییو ئازادی ژنی کورد بکەنەوە. پێترۆدێللەڤاللی* لە باسی رۆڵی ژن لە کۆمەڵی کوردیدا دەڵێت:" بە پێچەوانەی ژنە مسوڵمانەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ژنانی کورد بە ئازادیو کراوەیی بە رێگادا دەرۆن لەگەڵ پیاواندا قسە دەکەن، وەك چۆن لە ماڵی خۆیاندا قسە دەکەن، جا ئەو پیاوانە خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان بن یان بێگانە".(79) دەبلیوئارهەی دەڵێت:" ژنان لە هەموو شوێنێکدا وەك پیاوەکان بە ئازادی دەسوڕێنەوە". (80)

نیبۆر کە هاتۆتە ناوچەکە بە قوشتەپەدا تێپەڕیوەو لە قوشتەپە دیمەنێکی جوانی ژنی کورد باس دەکاتو دەڵێت لەوەتەی هاتومەتە وولاتانی رۆژهەلات ئەمە یەکەمین جارە ژنێك ببینمو لە دەشتاییدا بە تەنها نوێژ بکات، چونکە لە شوێنەکانی تردا ژنان نابێت بچنە دەرەوەو هەر لە ماڵەوە دەبن. (81)

میولەر پێی وایە خاڵێکی ئیجابی لە کارەکتەری کورددا پێدانی ئازادیە بە ژنانو دەڵێت ژنی کورد تاڕادەیەك ئازادە هاتوچۆی هەرکوێیەك بکات کە پێی خۆشە، کوردان بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەویندارىو دەسگیرانبازی دەکەنو دۆست دەگرن، دەتوانرێ ئەوەش بوترێ کە ژن لە ناو هەموو هۆزێکدا بێ حیجابە، لەئەنجامی بەیەکگەیشتنی ژنو مێردیشدا، ژن دەوری کەسایەتی دووەم نابینێو وەك کۆڵەکەی ماڵ چاوی لێدەکرێ. (82) هەروەها درك کینانیش ئاماژەی بەوە کردووە کە ژنان لە نێو کوردان ئازادییان لە ژنانی عەرەبو تورکو فارس زۆر زیاترە، عەبا لەنێو ژنانی کورددا نیەو ژنی کورد ئەگەرچی لە شێوەی رەفتارو کرداریدا شەرمنە، بەلام لە پیاوی بێگانە راناکاو لە روبەڕوو بونەوەیدا ناپەشۆکێ،(83) هنری بایندەریش* دەڵێت ئەم ژنانە بێ سەرپۆشن لەم رووەوە کوردەکان وەکوو مسوڵمانانی دیکە دەمارگرژ نین. (84)

هینی هارۆڵد کە ماوەیەك لە کوردستان ماوەتەوە دەڵێت ژنانی ئێرە واتە دێهات وەك ناوشار پەچەو عەبا ناپۆشن، تەنانەت پێی وایە چینی خێزان لەو دێهاتەدا تاڕادەیەك لە هی ناو رۆژئاوا دەکاو جیاککردنەوەی کورەکان لە ژنو کچەکان لێرە باش دیاری نەکراوە، لە ناو خێزانێکی لادێ پیاوو ژن پێکەوە دەژینو هاوکاری دەکەن، خزمو هاوسێو برادەری نێرینەی ماڵەکەمان بۆ دیدەنیمان دەهاتنو دەیانتوانی لەگەڵ ژنەکاندا بەسەربەستی قسە بکەن. (85)

پێترۆ لەم بابەتەوە ئەزمونێکی راستەوخۆی هەیە لە یەکێك لەو میواندارییانەی بۆی کراوەو دەنوسێت:" ژنێك هەبوو ناوی شانوون سوڵتان بوو لە وانەیە خاتون سوڵتان بێت، گەورەی شوێنەکەو دەرووبەری بوو، ناتوانین وەسفی ئەو رێزەی بکەین کەلە پێشوازی کردنیدا بۆمان لێینانین، ئەوە ئەگەرچی مێردەکەشی لە ماڵ نەبوو...، بۆیە زۆر ئاسودە بووین بەو رێزو چاکەیەی لەگەڵی کردین". (86) هۆکاری ئەو جیاوازیەی نێوان ژنانی لادێو شار دەگەڕێتەوە بۆ باری ئابوری لادێکانو پێویستیان بەدەستی کاری ژنان وایکردووە لە ماڵەکان بێنە دەرەوەو بەسەربەستی کاری خۆیان شانبەشانی پیاوان ئەنجام بدەن، هۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ بارە کۆمەڵایەتیەکە، کە خەڵکی لادێکان هەموو یەکتریان دەناسیو تێکەڵاوی یەکتر بوون، ئەمەش ریگە خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی ژنان بەسەربەستیەکی زیاترەوە تێکەڵ بە پیاوان ببنو بەشداری کۆڕو کۆبونەوەکان بکەن.

ویلیام ئیگلتۆنیش شایەدی ئەوە دەدات کە ژنانی کورد بەتەواوی دانەبڕاون، لە راستیدا ئەوان بە ئازادیەکەیانو بە سەربەخۆی کەسایەتیو جوانیان بەناوبانگن، ئەوان موحەجەبە نین، زۆرجاریش خۆیان پیشانی گەشتیارە بیانیەکان دەدەن بەتایبەتی ئەگەر ژنێکیان لەگەڵ بێت، ئەگەر پێویست بوو پیاوان لە دەرەوە کۆببنەوە ئەوا ژنان لە دواوە دەمێننەوە، خواردنو خواردنەوە بەهاوکاری پیاوان یاخود کوڕانی میوان پێشکەش دەکەن. (87)

لێرخ دەڵێت:"ژنی کورد ئازادیەکی زیاتری هەیە زیاتر لەوەی لای گەلانی دراوسێی کورد هەیە، پەیوەندی کوردەکان بە ژنەکانیانەوە ژیانی خێزانداری لە رۆژئاوای بیرخستمەوە، ژنی کورد حیجاب ناپۆشێ نە لەکاتی کارکردنو نە لەنێو کۆبونەوەی پیاواندا، پیاوانیش متمانەیەکی زۆریان بە دڵسۆزی ژنەکانیان هەیە متمانەیەکی تەواو". (88)

ریچ لە گەشتنامەکەیدا زۆر بەجوانی وەسفی ژنی کورد دەکات بەوەی کە ژنی کورد بەبێ روبەندو عەباو هەندێ جاریش بەیانیان زوو هاوینان لەسەربانی ئەو خانوە نزمانەیانەوە کە هەر (5– 6) پێ لە زەویەوە بەرز دەبنەوە بەسەر کۆلانە تەنگەبەرەکاندا دەنوارێت، لەناوجێگادا لەگەڵ مێردەکانیاندا دەبینرێنو لەناوجێ دێنە دەرێ بۆ سەر کاروباری خۆیان، سەرباری ئەم ئازادیەو دیاردەی بێدەربەستیەشیان بەڵام هیچ ژنێ ئەوەندەی ژنی کورد رەوشت بەرز نین ئەمانە لەم شکۆو سەربەرزیەوە زۆر لە ژنی تورك لەسەروترەوەن. (89)

لەوەسفی ژنانی ناوچەی سلێمانیدا (مینتشاشڤیلی) بەم شێوەیە باس دەکات کە ژنانی ئەم ناوچەیەو گشت ناوچەی سلێمانی لە چاو ژنانی رۆژهەڵاتدا بەسێ شت بەناوبانگن:

1- تا دڵ حەزکات و تابڵێی جوانن‌و نازدارن.

2- بێ سەرپۆش‌و عەباو پەچە دێن‌و دەچن.

3- سەربەستن، لێرە ژن هیچ شەرم نیە لەگەڵ پیلاوی بێگانەو نەناسراودا قسە بکات‌و بیناسێ، ئاساییە مێرد ژنەکەی خۆی بە میوانەکەی بناسێنێ. (90)

ئەگەرچی کوردناسەکان باسیان لە ئازادی ژنانی کورد کردووە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لە بیر بێت کۆمەڵگەی کوردی تا ئەمرۆش گیرۆدەی دەستی دواکەوتوویی‌و تێڕوانینی نایەکسانە بۆ هەردوو رەگەزی نێرو مێ، ئەگەرچی ئەم ووتانە جێگەی دڵخۆشین، بەڵام لەهەمان کاتدا ژنانی کورد وەك سەرجەم ژنانی جیهان گیرۆدەی بێ مافی‌و چەوساندنەوە بونەتەوە، ئەمەش پێویستی بە هەوڵ‌و تێکۆشانی ژنان خۆیانە بۆ دەرچوون لەو چوارچێوە بەرتەسکەی بۆیان دیاریکراوە.

## 6. ئەنجام

دوای لەبەریەکنان‌و شەن‌وکەوکردنی سەرچاوە مێژووییەکان، توێژینەوەکە گەیشتوتە چەند ئەنجامێك لە خوارەوە پوختەکەیان خراوەتە روو:–

1. بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری کوردناسەکان ماوەیەکی زۆر لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا ماونەتەوە، ئەمە بۆتە خاڵێکی بەهێز لەوەی بتوانرێ هەڵسەنگاندنی کوردناسەکان بەبێ زیادە رەوی ئەژمار بکرێت بۆیە دەتوانین وەك بابەتێکی بێلایەن‌و راستەقینە چاویان لیبکەین‌و بۆچونەکانیان بەهەند وەربگرین.

2. ژنانی کورد وەك سەرجەم ژنانی رۆژهەڵات کەوتنەتە ژێرباری چەوسانەوەو کاری قورس، بەڵام ئەوەی ژنانی کورد لە ژنانی رۆژهەڵات جیادەکاتەوە بریتیە لەو پێگە کۆمەڵایەتیەی کە ژنی کورد بۆی تەرخان کراوەو بە چاوێکی رێزەوە تەماسای کراوە، لە زۆر شوێندا ژنی کورد قسەی خۆی لەسەر بابەتە گرنگەکان هەبووەو لە کۆڕو کۆبونەوەی پیاواندا بەشدارییان کردووە.

3. لە زۆر شوێندا ژنان نەك هەر بەشداری گفتوگۆبوون بەڵکو لە نێو هەندێك خێڵدا دەسەڵاتی سەرکردایەتیان وەرگتووەو خێڵ یاخود ناوچەکەی خۆیانیان بەڕێوە بردووەو لەم روەشەوە باسە لە ئازایەتی کۆمەڵێك ژن ەکرێت‌و وەك نمونەی زیندوو بۆ ئەم بابەتە دەهێنرێتەوە. هەرچەندە ئەم نموونانە کەمن بەڵام بە خاڵێك پرشنگدتری خەباتی ژنان‌و پێگەی ژنان لەبواری سیاسیدا لەقەڵەم دەدرێت.

4. هەرچەندە کوردناسەکان جەختیان لە ئازادی ژنی کورد کردۆتەوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، بەڵام ئەم ئازادیەش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەکی گشتی گەر بڕوانینە ئەم لایەنە ژنی کورد بەچاو ژنانی ووڵاتانی دراوسێی کورد جیاوازیەکی زۆری هەبووە ژنان بە ئادانەتر مامەڵەیان لەگەڵ کەسانی بیانیدا کردووەو زیاتر تێکەڵاوی پیاوانیانن کردووەو لە ماڵ چوونەتە دەرەوە کە بۆ ئەو سەردەمە کارێکی چاوەڕوان نەکراو بووە بۆ کوردناسەکان.

5. کۆمەڵگەی کوردی وەك کۆمەڵگەکانی تری رۆژهەڵات فرە ژنی تیادا بڵاو بووەو دیاردەی شیربایی‌و ژن بە ژن لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بوونی هەبووە کە کوردناسەکان سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە خستۆتە روو، بەڵام ئەم دیاردەیەش لە نلوچەیەکەوە بۆ ناوەچەبیەکی تر جیاوازبووەو بگرە تائێستاش لە بەشێکی کۆمەڵگەی کوردیدا ئەم دیاردەیە هەر بەدیدەکرێت‌و نە توانراوە بنەبڕ بکرێت کەلەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا جییگەی نابێتەوە.

## 7. پەراوێزەکان

1- ئیمام عبدالفتاح ئیمام: جۆن لۆك‌و ئافرەت تێڕوانینێك لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، و/ ئەژین عبدالقادر، چاپخانەی رەنج، 2004، ل37.

2- المرأه فی حیاه الفلاسفه و المفکرین، http://www.sasapost.com/women-in-the-lives-/of-philosophers

3- من اقوال الفلاسفه و العڤماو فۆ المرأه، http://www.diwanalarab.com/spip.php?page=article&id_article=381

4- ڤیان مەجید: ژن، تاك، سیاسەت، سلێمانی، 2007، ل15.

5- جەمال عەبدول: چەند وردە سەرنجێك دەربارەی ئافرەتی کورد، گۆڤاری دەنگێ، ژمارە (2)، تەمموزی 1996، ل5–6.

6- سەرۆ قادر: ئافرەت کێشەیەك بەدرێژایی مێژوو، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2009، ل11–12.

7- شێرزاد حەسەن: لە ئەشکەوتەوە بۆ نێو کۆشک، گۆڤاری دەنگێ، ژمارە (2)، تەمموزی 1996، ل14- 15.

8- هەڤاڵ کوێستانی: ئافرەت و ژانی لەدایك بونێكی نوێ، چاپخانەی راپەرین، سلێمانی، 1979، ل21، 22.

9- حەسەن ئازاد: ئافرەت لەو دیو پەردەی حەرەمسەراکانەوە، و/ وریا قانیع، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2007، ل26، 27.

10- هەمان سەرچاوە، ل32.

11- شێرزاد حەسەن: سەرچاوەی پێشوو، ل22.

12- ویل دیورانت: ژن، پیاوو ئاکاری سێکسی لە لانکەی شارستانەیەتەکاندا، و/ دلشاد کریم خۆشناو، 2009، ل37- 38.

13- حەسەن ئازاد: سەرچاوەی پێشوو، ل32.

14- ئەنتۆنی گیدنز: کۆمەڵناسی، و/ حەسەن ئەحمەد مستەفا، هەولێر، 2009، ل244.

15- نوخشە عەبدول: رۆڵی ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی باشوری کوردستان، چاپخانەی دەرون، سلێمانی، 2007، ل15، 16.

16- ڤیان مەجید: سەرچاوەی پێشوو، ل16.

17- شێرزاد حەسەن: سەرچاوەی پێشوو، ل14.

18- جەمال عەبدول: سەرچاوەی پێشوو، ل6.

19- بوار نورەدین: دەنگی مێینە لە گۆرانە فۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2004، ل28.

20- پرشنگی بابایی: باری کۆمەڵایەتی ئافرەت لە رۆژگاری دێریندا، و/ وریا قانع، سلێمانی، 2005، ل90.

21- کەمال مەزهەر ئەحمەد(دکتۆر): ئافرەت لە مێژوودا، بەغدا، 1981، ل74.

* باسیل نیکیتین(1885- 1969) لە شاری (Sostonovit) کە شارێکە لە پۆڵەنداو بە شێك بوو لە ئیمپراتۆریەتی روسی لە خێزانێك لە دایك بووە کە ژمارەیك رۆژهەڵاتناسی تێدابووە، بۆیە ئەویش زۆر بایەخی بەم بابەتە داوەو چەندین گەشتی بۆ دەریای رەشو قوقاز کردووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی ساڵی(1904) چۆتە روسیاو پەیوەندی بە پەیمانگای لازاریف بۆ فێربوونی زمانی فارسیو تورکی کردووە، ساڵی (1908) دەبێتە باڵیۆزی روسی لە ئەفغانستانو دوای شۆڕشی (1917)ی بەلشەفیکەکان بریاردەدات نەگەرێتەوە بۆ روسیاو لە فەرەنسا نیشتەجێ دەبێتو وازلە کاری سیاسی دەهێنێتو دەست دەکات بە نوسینی کتێبو ژمارەیەکی زۆر کتێبو نوسراو بڵاو دەکاتەوە کە زۆربەیان تایبەتن بە کورد (https://www.revolvy.com/main/index.php?s=Basil+Nikitin)

22- باسیلی نیکیتین: الکرد دراسە سوسیولوجیە و تاریخیە، ت/ د. نوری گالبانی، اربیل، 2013، ص161.

23- دەبلیو ئارهەی: دووساڵ لە کوردستان گەشتێکی نهێنی بۆ میزۆپۆتامیا، و/ لوقمان باپیر، هەولێر، 2010، ل46.

24- هەمان سەرچاوە، ل46–47.

25- باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص161.

26- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل46.

* والاس لاین (1892- 1977) لە بنەماڵەیەکی ئایینی سکۆتلەندییەو لە ئێرلەندا لەدایك بووە، لە ساڵی (1912) چۆتە هیندستان، ساڵی(1918) رەوانەی میسۆپۆتامیا کراوەو لە رێگای ئاسنی نێوان بەغداو بەسرە دانراوە، پاشان بۆ دەرپەڕاندنی سوپای تورك لە موسڵ بەشداری کردووەو هاتۆتە کوردستانو زۆرترین ماوە لە ناوچەکەدا ماوەتەوە، لاین بیرەوەریەکانی خۆی لە نێوان ساڵانی (1949- 1964) تۆمارکردوەو داوای لە کچەکەی کردووە دوای مردنی بڵاوییکاتەوەو ساڵی (2002) لەلەندەن چاپکراوە(کاپتن لاین: کورد عەرەب بەریتانیەکان، بیرەوەریەکانی کاپتن لاین لەمەر روداوەکانی باشوری کوردستان 1919- 1929، و/ د. یاسین سەردەشتی، سلێمانی، 2007، ل14، 15).

27- هەمان سەرچاوە، ل141- 142.

** ڤلادیمێر ڤیۆدۆرۆڤیچ مینۆرسکی لە ساڵی (1877) لە شارۆچکەی کۆرجیڤای باکوری خۆرئاوای مۆسکۆ لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتاییو دواناوەندی تەواوکردووەو لەبەرئەوەی بە پلەی نایاب سەرکەوتوو بووە، خەڵاتی زێرینی وەرگرتووەو لە زانکۆی مۆسکۆ لە کۆلێژی ماف لە ساڵی (1896) وەرگیراوە، پاشان چۆتە ئامۆژگای خوێندنی زمانە رۆژهەڵاتیەکانی لازاریڤو لە ساڵی (1900) تەواوی کردووە، خاوەنی چەندین بەرهەمە لەسەر مێژوو کۆمەڵگەی کوردی(تاریق محەمەد عەبدولرەحیم: ڤلادیمیر ف. مینۆرسکی رۆژهەڵاتناس، و/ ئازاد عوبێد ساڵح، هەولێر، 2008، ل53).

28- ڤلادیمێر مینۆرسکی: مینۆرسکیو کورد، هەولێر، 2002، ل24.

29- درك کینان: کوردو کوردستان، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 1999، ل19.

30- محەمەد حوسێن: لورستان لەسەفەرنامەی گەشتیاراندا، و/ سەلاح نیساری، هەولێر، 2013، ل130.

31- باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص161.

32- المصدر نفسه، ص165.

33- رۆهات ئالاکۆم: کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، و/ ئەحمەد تاقانە،کوردستان، 2005، ل139، 140.

34- پرشنگی بابایی: سەرچاوەی پێشوو، ل92.

* سیسیل جۆن ئیدموندس(1889– 1979) ئەفسەرێکی سیاسی بەریتانی بوو، زانکۆی کامبریجی تەواکردووەو لەگەڵ سوپای بەریتانیادا لە ناوچەکانی وولاتی میسۆپۆتامیادا خزمەتی کردووە، ساڵی (1935– 1945) راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ بووە لە عێراقو سەرنجەکانی خۆی لە کوردستان لە نێوان ساڵانی (1919– 1925) لە کتێبێکدا بە ناوی کوردو تورکو عەرەب تۆمار کردووە( http://wikivisually.com/wiki/Cecil_John_Edmonds/wiki_ph_id_0)

35- سیسیل جۆن ئیدمۆنس: کورد، تورک، عەرەب، و/ حامید گەوهەری، هەولێر، 2004، ل457.

36- ڤلادیمێر مینۆرسکی: سەرچاوەی پێشوو، ل24.

37- باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص161.

38- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل47.

39- سەفەرنامەکەی نیبۆر لەسەدەی هەژدەدا، و/ ئەردەلان عەبدوڵلا، هەولێر، 2013، ل201.

* ب. لێرخ ساڵی (1828) لە دایك بوەو ساڵی (1851) زانکۆی پترسبۆرگی تەواو کردووە، نازناوی سەرکردەی زمانە رۆژهەڵاتەکانی وەرگرتووەو یەکێکە لە زانا گەورەکانی روسیا خاوەنی چەند بەرهەمێکە لەسەر کورد، ساڵی (1884) کۆچی دوایی کردووە(ب. لیرخ: دراسات حول الکرد الایزیدین و اسلافهم الکلدانیین الشمالیین، ت/ د. عبدی حاجی، سلیمانسە، 2008، ص7، 8).

40- المصدر نفسە، ص39.

41- وەرگیراوە لە شری لەیزەر: کوردستانی بەر ئاگردان، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 2004، ل19.

** مارتین ڤان برۆنەسن ساڵی(1946) لە ئۆترێختی هۆڵەندا لە دایك بووە، هەر لەو شارە قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە، سەرەتا فیزیای خوێندووە پاشان دەستدەکات بە خوێندنی ئیتنۆلۆژیو سەردانی باکوری کوردستانی کردووەو زمانی کوردی بەهەردوو زاراوەی کرمانجیو سۆرانی فێر بووە (مارتین ڤان برۆنسن: ئاغاو شێخو دەوڵەت، بەرگی یەکەم، و/ کوردۆ، چ4، سلێمانی، 2003، ل7).

42- هەمان سەرچاوە، ل109.

43- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل48.

44- مارتین ڤان برۆنسن: سەرچاوەی پێشوو، ل109.

45- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل48، 74" ئی. ئار لیچ: رەوشی ئابوریو کۆمەڵایەتی کوردی رەواندوز، و/ عەزیز گەردی، سلێمانی، 2005، ل50

46- وەرگیراوە لە مارتین ڤان برۆنسن: سەرچاوەی پێشوو، ل110.

47- ولیەم هیود: سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆ کوردوستان ساڵی 1817، و/ نەجاتی عەبدوڵلا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2012، ل85.

* گۆتفرێد یۆهانس میولله‌ر(1914– 2009) لە گوندی گشفێندەی خواروی ئەڵمانیا لە دایك بووە، ساڵی (1935– 1936) گەشتێکی بە دەریاو ووشکانیدا ئەنجام داوەو چۆتە فەلەستینو بەغدادو تا گەیشتۆتە کوردستانی داخراو لە کتێبێکدا لە ساڵی 1937 کە بە پیتی ئەڵمانی کۆن نوسراوە بڵاوکردۆتەوە، ساڵی (1945– 1948) لەگەڵ رەمزی نافعدا کە کوردێکی شاری هەولێر بووە پرۆژەی مامۆت)یان ئەنجامداوە بەڵام پاش ئاشکرابونیان لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئینگلیزەوە خراوەتە بەندیخانەوەو ساڵی (1959) لە بەندیخانەدا کتێبی (لە رۆژهەڵاتی گرگرتودا بڵاوکردۆتەوە، ساڵی(1999) لە تەمەنی (95) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.(گۆتفرێد یوهانس میوولەر: لە رۆژهەڵاتی گرگرتودا، و/ بەدران ئەحمەد حەبیب، چ2، هەولێر، 2013).

48- گۆتفرێد یوهانس میوولەر: دزە کردنە ناو کوردستانی داخراو، و/ عوسمان عەبدوڵلا هەڵەبجەیی، سلێمانی، 2011، ل137.

* کارستێن نیبۆر زانای ماتماتیكو نەخشەسازو گەڕیدەی بەناوبانگی ئەڵمانییە، ساڵی (1733) لە دایك بووە و لە تەمەنی(82)ساڵیدا لە ساڵی (1815) لە شاری مێلدرۆف کۆچی دوای کردووە، ساڵی (1761) گەشتەکەی بەرەو رۆژهەڵات دەستپێکردووە (سەفەرنامەکەی نیبۆر لەسەدەی هەژدەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل11، 16).

49- سەفەرنامەکەی نیبۆر: سەرچاوە پێشوو، ل201– 202.

50- گۆتفرێد یوهانس میوولەر: دزە کردنە ناو کوردستانی داخراو، ل136– 137

51- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل48.

52- بەدرخان سندی: کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەڵاتناسیدا، و/ ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، دهۆك، 2008، ل118" بارۆن ئیدوارد نۆڵد: گەشتێك بە عەرەبستانو کوردستانو ئەرمەنستاندا، بەشی دووەم، و/ د. حەمید عەزیز، هەولێر، 2004، ل49.

53- کاپتن لاین: سەرچاوەی پێشوو، ل142.

54- بوار نورەدین: سەرچاوەی پێشوو، ل30.

55- ژان ئۆتەر: سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، و/ محەمەد حەمە باقی، هەولێر، 2013، ل91.

* گۆدفری رۆللیس درایڤەر (1982- 1975) مامۆستای پێشووی مێژوو لە زانستگەی (مەکدێلین) لە شاری ئۆکسفۆردی بەریتانیاو پسپۆڕی زمانی عیبری‌و یاسای بابیلی بووە، زمانی عەرەبی زانیوەو، زنایەکی گەورەی رۆژئاوایە کەلەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا مێژوو ئایینی کوردی خستۆتە بەر توێژینەوەو بە شێوازێکی بابەتیانە لە بواری جۆربەجۆری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی مێژوویی گەلی کوردی کۆڵیوەتەوە(گ. ر. درایڤەر: درایڤەرو کورد، و/ ئەنوەری سوڵتانی، 2005، ل5).

56- هەمان سەرچاوە، ل75.

57- پرشنگی بابایی: سەرچاوەی پێشوو، ل90- 91.

58- بەشدار عومەر رەفیق: رۆڵی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی ژنی کورد لە باشوری کوردستاندا (1921- 1958)، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی‌و کۆمەڵایەتیەکان، 2012، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە ، ل9

59- هینی هەرۆڵد هەنسن: کچانی کورد گەشتێك لەناو ئافرەتانی مسوڵمان لە کوردستان، و/ ناجی عەبباس ئەحمەد، بەغدا، ل77.

* د. جویس بلۆی کوردناسی بەناوبانگی فەرەنسی‌و پرۆفیسۆر لە بواری زمان‌و ئەدەبیاتی کوردیدا، لە ساڵی (1965) پلەی دکتۆرای لە بارەی زمانی کوردیەوە بەدەستهێناوە چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانەی سەبارەت بە کورد نوسیوە(جویس بلۆ(پرۆفیسۆر. دکتۆر): دۆزی کورد، و/ کارزان محەمەد، سلێمانی، 2004).

60- جویس بلۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل20- 21.

61- باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص161.

62- سیسیل جۆن ئیدمۆنس: سەرچاوەی پێشوو، ل449.

63- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل47.

64- گۆتفرێد یوهانس میوولەر: دزە کردنە ناو کوردستانی داخراو، ل137.

65- هەمان سەرچاوە، ل136.

66- بەشدار عومەر رەفیق: سەرچاوەی پێشوو، ل10.

67- باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص93.

68- المصدر نفسه، ص103.

69- جویس بلۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل19.

70- ب. لیرخ: المصدر السابق، ص38.

71- المصدر نفسه، ص39.

72- باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص 161.

* جیمیس بیلی فرەیزەر(1783- 1856) لە سکۆتلەندا لە (1783) لە دایك بووەو گەشتیارو نوسەر بووە و چۆتە هیندستان‌و ساڵی (1834) گەشتێکی کردووە بۆ بەغدادو بەشێکی زۆری زانیاریەکانی گەشتەکەی بە نامە بۆ خێزانەکەی نوسیوە(جیمیس بیللی فریزر: رحله فریزر الی بغداد سنه 1834، بيروت، 2006، ص11).

73- المصدر نفسه، ص59- 60.

74- گ. ر. درایڤەر: سەرچاوەی پێشوو، ل78.

75- مێریلا گالێتی: کلتوری کورد لە دانراوی ئیتالیەکاندا، و/ ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، هەولێر، 2008، ل66، 69.

76- بەشدار عومەر رەفیق: سەرچاوەی پێشوو، ل10.

77- درك کینان: سەرچاوەی پێشوو، ل19.

78- شری لەیزەر: سەرچاوەی پێشوو، ل163- 164.

* پیەترۆ دێلا ڤالا گەراڵی بەناوبانگی ئیتالیە گەشتنامەکەی لە پاریس لە ساڵی (1662) بە زمانی فەرەنسی بەناونیشانی (سەفەرە بەناوبانگەکەی پیەترۆ دێلا ڤللا بڵاو کراوەتەوە(فەرهاد پیربال(دکتۆر): سەرچاوەکانی کوردناسی، سلێمانی، 1998، ل37).

79- مێریلاگالێتی: سەرچاوەی پێشوو، ل42.

80- دەبلیو ئارهەی: سەرچاوەی پێشوو، ل46.

81- سەفەرنامەکەی نیبۆر: سەرچاوەی پێشوو، ل23.

82- گ. ر. درایڤەر: سەرچاوەی پێشوو، ل74.

83- درك کینان: سەرچاوەی پێشوو، ل18- 19.

* هینری بیندەر گەریدەی فەرەنسی یەکێکە لە یەکەمین ئەو گەراڵە فەرەنسیانەی کە سەرجەم سەفەرنامەکەی بۆ گەلی کورد تەرخانکردبێت‌و ناوی کوردستانی بەکارهێنابێت، زۆربەی شارەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان گەراوە، کاتێك گەڕاوەتەوە پاریس بیرەوەریەکانی خۆی لە سەفەرنامەیەکدا بە ناونیشانی لە کوردستاندا لە ساڵی (1887) بڵاوکردۆتەوە(فەرهاد پیربال(دکتۆر): زێڕی ناو زبڵ، سلێمانی، 1999، ل85).

84- هنری بێندەر: سەفەرنامەی هێنری بایندەر کوردستان، میزۆپۆتامیا، ئێران، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 2006، ل159.

85- هینی هارولد هەنسن: سەرچاوەی پێشوو، ل75.

86- مێریلاگالێتی: سەرچاوەی پێشوو، ل42.

87- یلیام ایغلتون: القبائل الكرديه، ت/ د. احمد محمود خليل، اربيل، 2006، ص24.

88- ب. لیرخ: المصدر السابق، ل38.

89- کلۆدیۆس جێمس ریچ: گەشتنامەکەی ریچ بۆ کوردستان 1820، و/ محمد حەمە باقی، چ3، هەولێر، 2002، ل261.

90- ا.م. مینتیشاشڤیلی: کورد کورتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابوری رۆشنبیری‌و گوزەران، و/ د، پ، عیزەدین مستەفا رەسووڵ، دهۆک، 2008، ل48.

## 8. لیستی سەرچاوەکان

### 1.8. کتێب بە زمانی کوردی:


ا.م. مینتیشاشڤیلی: کورد کورتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابوری رۆشنبیری‌و گوزەران، و/ د، پ، عیزەدین مستەفا رەسووڵ، دهۆک، 2008.

بارۆن ئیدوارد نۆڵد: گەشتێك بە عەرەبستان‌و کوردستان‌و ئەرمەنستاندا، بەشی دووەم، و/ د. حەمید عەزیز، هەولێر، 2004.

بەدرخان سندی: کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەڵاتناسیدا، و/ ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، دهۆک، 2008.

بوار نورەدین: دەنگی مێینە لە گۆرانە فۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2004، ل28.

تاریق محەمەد عەبدولرەحیم: ڤلادیمیر ف. مینۆرسکی رۆژهەڵاتناس، و/ ئازاد عوبێد سالح، هەولێر، 2008.

پرشنگی بابایی: باری کۆمەڵایەتی ئافرەت لە رۆژگاری دێریندا، و/ وریا قانع، سلێمانی، 2005.

جویس بلۆ (پرۆفیسۆر. دکتۆر): دۆزی کورد، و/ کارزان محەمەد، سلێمانی، 2004.

حەسەن ئازاد: ئافرەت لەو دیو پەردەی حەرەمسەراکانەوە، و/ وریا قانیع، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2007.

د. فەرهاد پیربال: سەرچاوەکانی کوردناسی، سلێمانی، 1998.

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: ئافرەت لە مێژوودا، بەغدا، 1981.

دەبلیو ئارهەی: دووساڵ لە کوردستان گەشتێکی نهێنی بۆ میزۆپۆتامیا، و/ لوقمان باپیر، هەولێر، 2010.

درك کینان: کوردو کوردستان، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 1999.

ژاك ریتۆرێ: گەشتنامەی مسیۆنێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك‌و سلێممانی ساڵی 1878، و/ نەجاتی عەبدوڵڵا، سلێمانی، 2008.

ژان ئۆتەر: سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، و/ محەمەد حەمە باقی، هەولێر، 2013.

رۆهات ئالاکۆم: کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، و/ ئەحمەد تاقانە، کوردستان، 2005، ل139.

ویل دیورانت: ژن، پیاوو ئاکاری سێکسی لە لانکەی شارستانەیەتەکاندا، و/ دڵشاد کریم خۆشناو، 2009.

سەرۆ قادر: ئافرەت کێشەیەك بەدرێژایی مێژوو، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2009.

سەفەرنامەکەی نیبۆر لەسەدەی هەژدەدا، و/ وەردەلان عەبدوڵڵا، هەولێر، 2013.

سەفەرنامەکەی نیبۆر لەسەدەی هەژدەدا، و/ وەردەلان عەبدوڵڵا، هەولێر، 2013.

سیسیل جۆن ئیدمۆنس: کورد، تورك، عەرەب، و/ حامید گەوهەری، هەولێر، 2004.

شری لەیزەر: کوردستانی بەر ئاگردان، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 2004.

گ. ر. درایڤر: درایڤرو کورد، و/ ئەنوەری سوڵتانی، 2005.

گۆتفرێد یوهانس میوولەر: دزە کردنە ناو کوردستانی داخراو، و/ عوسمان عەبدوڵڵا هەڵەبجەیی، سلێمانی، 2011

گۆتفرێد یوهانس میوولەر: لە رۆژهەڵاتی گرگرتودا، و/ بەدران ئەحمەد حەبیب، چ2، هەولێر، 2013.

ڤلادیمێر مینۆرسکی: مینۆرسکی‌و کورد، هەولێر، 2002

ڤیان مەجید: ژن، تاك، سیاسەت، سلێمانی، 2007.

کاپتن لاین: کورد عەرەب بەریتانیەکان، بیرەوەریەکانی کاپتن لاین لەمەر روداوەکانی باشوری کوردستان 1919- 1929، سلێمانی، 2007.

کاپتن لاین: کورد عەرەب بەریتانیەکان، بیرەوەریەکانی کاپتن لاین لەمەر روداوەکانی باشوری کوردستان 1919- 1929، سلێمانی، 2007.

کلۆدیۆس جێمس ریچ: گەشتنامەکەی ریچ بۆ کوردستان 1820، و/ محمد حەمە باقی، چ3، هەولێر، 2002.

مارتین ڤان برۆنسن: ئاغاو شێخ‌و دەوڵەت، بەرگی یەکەم، و/ کوردۆ، چ4، سلێمانی، 2003.

محەمەد حوسێن: لورستان لەسەفەرنامەی گەشتیاراندا، و/ سەلاح نیساری، هەولێر، 2013.

مێریلا گالێتی: کلتوری کورد لە دانراوی ئیتالیەکاندا، و/ ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، هەولێر، 2008.

نوخشە عەبدول: رۆڵی ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی باشوری کوردستان، چاپخانەی دەرون، سلێمانی، 2007.

هەڤاڵ کوێستانی: ئافرەت و ژانی لەدایك بونێکی نوێ، چاپخانەی راپەرین، سلێمانی، 1979.

هنری بێندەر: سەفەرنامەی هێنری بایندەر کوردستان، میزۆپۆتامیا، ئێران، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 2006.

هینی هەرۆڵد هەنسن: کچانی کورد گەشتێك لەناو ئافرەتانی مسوڵمان لە کوردستان، و/ ناجی عەبیباس ئەحمەد، بەغدا.

ولیەم هیود: سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆ کوردوستان سالی 1817، و/ نەجاتی عەبدوللا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2012.

ئەنتۆنی گیدنز: کۆمەڵناسی، و/ حەسەن ئەحمەد مستەفا، هەولێر، 2009.

ئی. ئار لیچ: رەوشی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی کوردی رەواندوز، و/ عەزیز گەردی، سلێمانی، 2005

ئیمام عبدالفتاح ئیمام: جۆن لۆك‌و ئافرەت تێروانینێك لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، و/ ئەژین عبدالقادر، چاپخانەی رەنج، 2004.

2.8. **کتێب بە زمانی عەرەبی:**

ب. لیرخ: دراسات حول الكرد الايزيدين و اسلافهم الكلدانيين الشماليين، ت/ د. عبدی حاجی، سليمانسه، 2008.

باسیلی نیکیتین: الكرد دراسه سوسيولوجيه و تاريخيه، ت/ د. نوری گالبانی، اربیل، 2013.

جیمیس بیللی فریزر: رحله فريزر الى بغداد سنه 1834، بیروت، 2006.

یلیام ایغلتون: القبائل الكرديه، ت/ د. احمد محمود خليل، اربيل، 2006، ص24.

3.8. **ماستەرنامەی بلاو نەکراوە:**

بەشدار عومەر رەفیق: رۆڵی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی ژنی کورد لە باشوری کوردستاندا (1921- 1958)، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی‌و کۆمەڵایەتیەکان، 2012، ماستەرنامەیەکی بلاونەکراوە.

4.8. گۆڤار بە زمانی کوردی:

جەمال عەبدول: چەند وردە سەرنجێك دەربارەی ئافرەتی کورد، گۆڤاری دەنگێ، ژمارە (2)، تەمموزی 1996.

شێرزاد حەسەن: لە ئەشکەوتەوە بۆ نێو کۆشك، گۆڤاری دەنگێ، ژمارە (2)، تەمموزی 1996.

5.8. **پێگەی ئەلیکترۆنی:**

المرأه فى حياه الفلاسفه و المفكرين، http://www.sasapost.com/women-in-the-lives-of-philosophers/

من اقوال الفلاسفه و العظماو فۆ المرأه، http://www.diwanalarab.com/spip.php?page=article&id_article=381

https://www.revolvy.com/main/index.php?s=Basil+Nikitin(

http://wikivisually.com/wiki/Cecil_John_Edmonds/wiki_ph_id_0

## صورة النساء الكرديات في مذكرات المستشرقين والمسافرين في القرن (18–20)

**الملخص:**

النساء، الذين يمثلون عنصرا هاما في المجتمع، وقد أعطيت مكانة بارزة في قواميس العالم والكتب العلمية وأدوار مؤثرة في مختلف مناحي الحياة ومعترف بها.

النساء الكرديات، مثل نظيراتها الدولية، وقد لعبت أجزاء مهمة في سياق التغييرات التي حدثت مجتمعاتهم. هذا هو السبب في هذا الموضوع قد جذبت اهتمام العديد من المسافرين والمستشرقين الذين زاروا كردستان في الماضي والتي سجلت كنقطة لامعة من قوة في المجتمع الكردي. وقد يشار إليها أيضا على أنها النقطة التي متباينة الأكراد من الشعوب المجاورة لها من الشرق الأوسط.

وهكذا، في المذكرات، وتعاملت العديد من المستشرقين مع بطولة النساء الكرديات والحرية التي يتمتع بالمقارنة مع غيرها من النساء في المجتمعات الشرقية الأخرى. لقد بحثت أيضا براعة واجتهاد من النساء الكرديات في المنزل بينما في نفس الوقت تعمل جنبا إلى جنب مع الرجال خارج المنزل لزيادة الدخل والإنتاجية لجميع أفراد الأسرة.

ومع ذلك، فقد المستشرقين لا أشاد دائما المرأة الكردية. بدلا من ذلك، في بعض الأحيان لديهم الجبايات بعض الانتقادات الموجهة إليهم ولكن من منظور بناء يرجع في معظمه إلى الانفتاح النسبي للمجتمع الكردي الذي أعجب بها كثيرا.

وبالتالي، فإن البحث الحالي هو محاولة لإثبات وجهات النظر والمواقف و المستشرقين تجاه دور المرأة الكردية وموقف في أعمالهم بما في ذلك المستشرقين والمذكرات المكتوبة من قبل المسافرين الذين سافروا عبر كردستان.

**الكلمات الدالة: الصورة، النساء الكرديات، في مذكرات المستشرقين والمسافرين، القرن** (18–20).

## The Image of Kurdish Women in The Memoirs of Orientalists and Travelers in The Century (18-20)

**Abstract:**

Women, who represent a significant element in the society, have been given a prominent position in world dictionaries and scholarly books and their influential roles in different walks of life are recognized. Kurdish women, like their international counterparts, have played important parts in the changes their societies have undergone. This is why this topic has attracted the attention of many travelers and orientalists who have visited Kurdistan in the past and which they have recorded as a bright point of strength in the Kurdish society. They have also referred to it as a point that differentiated Kurds from their neighboring peoples of the Middle East. Thus, in their memoires, many Kurdologists have dealt with Kurdish women's heroism and the freedom they enjoyed compared to other women of other eastern societies. They have also explored the skillfulness, dexterity and studiousness of the Kurdish women at home while at the same time working alongside men outside home to increase income and productivity for the family. However, the orientalists have not always praised the Kurdish women. Rather, sometimes they have levies some criticism against them but with a constructive perspective mostly due to the relative openness of the Kurdish society which impressed them considerably. Hence, the present research is an attempt to demonstrate the Kurdologists' perspectives and standpoints towards Kurdish women's roles and position in their works including orientalists and memoires written by travelers who journeyed through Kurdistan.

**Keyword:** The Image, Kurdish Women, The Memoirs of Orientalists and Travelers, Century (18-20).